# تورکیا لە براد‌ۆست

# تورکیا لە برادۆست

هەندرێن شێخ راغب

٢٠٢٢

- ناوی کتێب: تورکیا لە برادۆست
- نوسین و کۆکردنەوەی: هەندرێن شێخ راغب
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی کارۆ
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٢
- نرخ: ٤٠٠٠ دینار
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە

ئەم کتێــبە پێشکەشــە بە گیــانی نەمــری دایــکە عائیشە کە سێ کوڕی پێکەوە شەهیدبوون..

بــۆ هەمــــوو دایـــکە شـــــەهیدەکان و دایـــکە عائیشەکانی دیکەی کوردستان پێشکەشە..

سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ وڵاتپارێزو نیشتمانپەروەر: کاک (سەربەست مولود) کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ..

کاک سەربەست کوڕێکی سەرکەشی بناری کێوەڕەشە.

# ناوەڕۆك:


پێشـەكی.......................................................................٩

بەشی یەكەم:

مێژووی برادۆست و جوگرافیا گرنگەكەی لە دڵی كوردستاندا ........................................................................١٣

بەشی دووەم:

توركیا لە برادۆست.......................................................٥١

پاشـــــكۆی وێنەكـــــان.................................................... ١٤٥

ســــــوپاس نـــــامە ........................................................١٦٤

شـــیعر بـــۆ برادۆســـت ..............................................١٦٦

## پێشەکی:

لەسنوری برادۆست، بارەگای پێشمەرگە، پاسەوانی سنوری عێراقی، قەڵا سەربازیەکانی تورکیا و بارەگای گەریلای پەکەکەی لێیە. جموجۆڵی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشی لێیە، برادۆست دڵی جوگرافیای سیاسی کوردستانە لەدوای رێککەوتننامەی سایکس-بیکۆو دروست بوونی ئەم دەوڵەتانەی هەنوکە. چونکە سنوری سێ دەوڵەتی ناوچەکەیە(عێراق-ئێران-تورکیا)، لەبەرئەوە برادۆست ناوچەیەکی هێجگار گرنگی کوردستانە، نابێت ئەم ناوچەیە ببێتە شوێنی جەنگ و بنکەی سەربازی دەوڵەتانی ناوچەکە، هەر کاتێک بنکەی سەربازی دەوڵەتان هاتە سنورەکە، مانای لەیەک دابڕینی راستەقینەی سێ پارچەی کوردستان(رۆژهەڵات، باشور-باکور). راستە وەک سنوری نێودەوڵەتی لە دەڤەری برادۆست ئەم پارچانەی کوردستان لەیەک دابڕاون، بەڵام وەک خاک و خەڵک و کوردبوون هێشتا یەک پارچەیەو دەتوانین ئەمدیوو ئەم دیو بکەین. هەر کاتێک بووە شوێنی بنکەی سەربازی دەوڵەتان ئەوە

زەبرێکی کوشندەیە لە دڵی جوگرافیای کوردستان، هەر لەبەر ئەم مەبەستەیە ناوی ئەم کتێبەم ناوە (تورکیا لە برادۆست)، دەمەوێت بە کۆکردنەوەی ئەم راپۆرت و زانیاری و هەواڵانە جۆرێک لە بنکۆڵی رۆژنامەوانی و بەدواداچوون بکەم، تاوەکو سەرەتایەک بێت بۆ توێژینەوەی زیاترو دەوڵەمەندترو فراوانتر، کە بتوانین لەسەر عەفرین، شەنگال، خانەقین و مەندەلی، گرێ سپی..هتد، تەواوی ئەم شوێنانەی کوردستان کە شوێنی گەرمی جەنگ و خەبات و هاوسنورن، دیکۆمێنت و نوسراوی گرنگمان هەبێت، وەک نەخشە رێگای سیاسەتی بنەڕەتی کوردستانی سودی لێوەربگرین و نەوە لەدوای نەوە بزانن ناوچە بە ناوچەی کوردستان گرنگی وماناو شوێن وپێگەکەی چیەو بۆچی دەبێتە ناوچەی خەبات و ناوچەی دوژمن لەیەک کاتدا!.

قسەکردنی ئێمە لەسەر جەنگ و هاندانی خوێن ڕشتن نیە، ئێستاو داهاتووش بۆچونم وایە ئاشتی و چارەسەری سیاسی، دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، نەک بنکەی سەربازی و جەنگ..رابردوو سەلماندی بە زیندان و کوشتن و سوتاندن و سێدارە، کورد مکوڕتربووە، نەک بتوێتەوە. بۆ تورکیا ئەزمونەکانی باشوری کوردستان زۆر جێگای بایەخن، وەک چۆن ئەزمونەکانی شێخ سەعیدی

پیــران و ئــاگری داخ و دێرســیم و جەنگــی پەکەکە وانەی گرنگن بۆ تورکیا کە بزانێت بە چەک و شەڕو شۆڕ کێشەی کورد چارەسـەر نابێت، ئاشـتی و پێکەوەژیـان، چارەسـەری سیاسـی و دیموکراسـی، دەسـتورێکی مەدەنـی و کـراوەو هاوچەرخ، ئەمانە دەتوانن لولەی تفەنگەکان بێ دەنگ بکەن و کـوردیش لەم چیـاو چـۆڵە چـی دیـکە بەدیـار تفەنگـی شانیەوە سێرە لە دەوڵەتانی ناوچەکە نەگرێت.

ئەم کتێبەمـان نـاوچەی برادۆسـتی بە نمـونە وەرگرتـوە سـەبارەت بە جەنگـی پەکەکەو تورکیـا، دەمانەوێـت ئەم پەیامە بدەین کە با ئەم جەنگە هاندەر بێت بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری دەستوری و ئاشتی و دیموکراسیانە بکەینەوە نەک هانا بردنەوە بۆ بنکەی سەربازی. هیوا دەخوازم بەم کتێبەشم خزمەتێکی بچوکم پێشکەش کردبێت. با ئەم کتێبە وەک دەروازەیەک سەیر بکەین بۆ ئەوەی چەندین کتێب و تـوێژینەوەو کـاری دیـکە لەسـەر ئەم پرۆسـەیە بکرێـت و داهاتوو رونتر لە بابەتەکان تێبگەین.

# بەشی یەکەم

# مێژووی برادۆست و جوگرافیا گرنگەکەی

# لە دڵی کوردستاندا

## مێژووی عەشیرەتی برادۆست[1] [2]

مێژووی ورمێ زۆر دێرینە. سەرچاوەکان دەڵێن گۆیا زەردەشت هەر لەم شارە لە دایکبووە. سەردەمێک بەشێک بووە لە مەملەکەتی ئورارتوو و پێگەی خۆرپەرستان بووە، گردی حەسەنلوو لە نەغەدە و بەردەنووسی کێلەشینی هەنداو شنۆ کە بۆ ٨٥٠ی پێش زایین دەگەڕێتەوە یادگاری گرنگی پاشاکانی ئۆرارتۆن و دیتراوەی تری پەیوەست بەم رۆژگارە زۆرن لەم پارێزگایە. لە رۆژگاری ئیسلامدا بووەتە پێگەی کوردانی رەوەندی رەوەندی هەدبانی و رێرەوێکی گرنگ بووە لە نێوان بەغدا پایتەختی عەبباسیەکان و ولاتی تەورێز و تاران و ئەرمەنستان کە هەر لە لایەن میرانی شەددادی و رەوەندی و سالارییەوە حوکمڕانی کراوە. بە پەیدابوونی ئۆغووزەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، ورمێ و دەوروبەری بووەتە شەڕگەی نێوان کوردان و هێرشبەرە ئۆغووزەکان کە تورکەکانی ئەمڕۆی ئازەربابجان لە تۆرەمەی ئەوانن. دواتر لە ساڵی ١١٨٤ خرایە ژێر دەسەڵاتی سەلجووقیەکانەوە. کە

---

[1] سەرچاوە: پەیجی مێژووی عەشیرەتی برادۆست

[2] برادۆست، ناوی هۆزێکی کوردیە.

هۆلاکۆی نەوەی چەنگیزخانی مەغۆل (لە سەدەی حەفتەمی کۆچیدا) ئازەربایجانی داگیرکرد و لە مەراغە و تەوریز تاولی حوکمڕانی هەلدا، شیرازەی ئەم وڵاتە بە جارێک تێکچوو. زۆربەی کوردانی هەدبانی و زەرزا پەنایان بردە بەر شاهانی ئەییوبی لە میسر و شام، دیموغرافیای ئازرەبایجان بە جارێک شێواو توخمی ئۆغوزو سەلجووقی تێکەڵ بە خوێنی مەغۆل لەم خاکە داسەپا. تەوریز و مەراغە کە دوو پێگەی گرنگی کوردانی ڕەوادی هەدبانی بوون لەلایەن مەغۆلانەوە داگیرکران. لە رۆژگاری دوای مەغۆل ، بەگزادەکانی برادۆست بوون بە حوکمڕانی دەڤەرەکە، میرانی برادۆست تا پەیدابوونی صەفەویەکان تاکە دەسەلاتدار بوون، پاش شەڕی داستان ئاسای قەلای دمدم[٣] (١٦٠٩ز) شاعەباسی صەفەوی بۆ زاڵبوون بەسەر کوردی موکری و برادۆست پەنای بردە بەر هۆزی گەورەی ئەفشار و لە خوراسان و کرمان هەشت هەزار نەفەری لە دەشتی ورمێ ئاکنجاندن بۆ نەهێلانی مەترسی میرە برادۆستەکان کە هێشتان باڵادەست بوون لە ناوچەکانی دۆل و مەرگەوەڕو دەشتەبێڵ و تەرگەوەر. لە شەرفنامە باس لە زنجیرەی میرانی برادۆستی ورمێ

---

[٣]شەڕی دمدم، ئەو شەڕە خوێناویەبوو کەلە نێوان کوردانی برادۆست و دەولەتی سەفەوی ڕوویدا.

کراوه. ترسی عەجەم لە هێرشی لە ناکاوی برادۆست و بلْباس و موکری بۆ سەر مەراغە و تەورێز هەر نەبڕا، بۆیە ناچار صەفەوی و قاجارەکان هەندێک لە هۆزی چاردۆلی کوردی لەک کە شیعە مەزەببن لە لوڕستانەوە هێناو لە خوارووی مەراغە و میاندواوو لەکستانی خۆی نیشتەجێ کردن و هۆزی کلاورەشی قەرەپەپاغیان لە قەفقاسەوە هێناو، لە دەشتی سندوس و نەغەدە دایانمەزراندن، شۆڕشی ١٨٨٤ی(شێخ عبیداللە)ی نەهری ترسناکترین مەترسی کوردان بوو بۆ سەر تەخت و تاراجی عەجەم. پاش ئەوە سمکۆی شکاک لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەم شۆرشێکی تری دژ بە قەجەری تەورێز بەرپاکردو تا سەرهەلْدانی دەولْەتی شانشینی پەهلەوی بەردەوام بوو. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیش قازی محمد جاڕی کۆماری مەهابادی دا شان بە شانی کۆماری ئازەربێجانی تەورێز کە لە لایەن سۆڤێتەوە پشتگیری دەکرا.

**

• دەشتی بەرازگر، یەکێک لە ناوچەکانی برادۆست-سیدەکان.[٤]

• چیای برادۆست کەوتۆتە باکووری رۆژهەلاتی شاری هەولێر لە نزیک ڕەواندز و سۆران (دیانا). سەرەتاکەی لە

---

[٤]سیدەکان، ناوی نوێی شارەدێی برادۆستە.

ڕۆژئاوای گەلی عەلی بەگ پێکدێنێت و دەکەوێتە بەرامبەر چیای کۆڕەک.

- بەرزی چیای برادۆست (٢٠٥٨) مەتر دەبێت.

**

ناوچەی برادۆست[°]: کەوتۆتە نێوان ٣ سنور، لای سەروی هاوسنورە لەگەڵ شنۆی ئێران و لای ڕۆژئاوای هاوسنوری شەمزینانی تورکیایە. ناوەندی ئیداری ناوچەکە سیدەکانە کە سەر بە قەزای ڕەواندزە و(ئێستا سەر بەقەزای سۆران)ە، ئەویش سەر بە محافەزەی هەولێرە.

کێوە بەرزەکانی سپیریزی خەیلانی و کێلەشین و دالانپەڕ لە ئێران و، ڕوباری سەرکەم، کە پێشی ئەڵێن ڕوباری حاجی بەگ لە تورکیای جیا ئەکاتەوە. زنجیرەی کێوە بەرزەکانی نەقیب و شەکیب بەسەر ڕوبارەکەدا ئەڕوانن. هیچ ڕێگایەکی قیرتاو یا خاکی ناوچەکەی بەهیچ کام لەم دوو وڵاتەوە نە ئەبەست. لەدیوی شنۆ جادەیەکی خاکی تا نزیک کێلەشین و لەدیوی شەمزینان جادەیەکی خاکی تا گوندی " ڕوبارۆک" ئەهات، بەڵام نەبەسترابون بەهیچ ڕێگایەکی دیوی برادۆستەوە. بەڵکو لەدیوی برادۆست هیچ ڕێگایەکی قیر یا خاکی تێدا نەکرابووەوە. ڕێگاکانی هەموو کوێرە ڕێگای وڵاخ بون. کاروانی هێنان

---

[°]برادۆست (چیا)، زنجیرە چیاییێکی باشووری کوردستانە.

وبردنی کەلوپەلی قاچاغ و هاتوچۆی مێگەل لە نێوان هەر ٣ سنورا بەردەوام بوو.

**

ئاژەڵداری یەکێ بوو لە کارە سەرەکییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە. لەم ناوەدا چەند تیرەیەک هەبون برادۆستیان پێک ئەهێنا: رەوەندوک، بنەجی و، خواکورک...جگە لەمان هەرکیەکان بۆ لەوەڕخۆری ئەهاتن بۆ کوێستانەکانی ئەم ناوچەیە. هەوارەکان لە زۆر کۆنەوە دابەش کراون. هەر تیرەو هۆز و بنەماڵەیەک ئەزانێ شوێنەکانی کوێ یە. وشەی " دەوار" لەناوچەی سلێمانی دا بۆ رەشماڵ بەکارئەهێنن بەڵام لەم ناوچەیەدا بە وڵاخ ئەڵێن: "دەوار" و بە رەشماڵ ئەڵێن:" کۆن"، چەند کۆنێک پێکەوە لەشوێنێکدا هەڵئەدەن پێیان ئەڵێن "زۆم" و، چەند زۆمێک کە سەر بە یەک تیرەن لەچەند شوێنێکی نزیک لە یەک هەڵئەدەن پێیان ئەڵێن" هۆبە".

تام وبۆنی ماست و، کەرە و دۆ و پەنیرەکەیان بەهۆی گژوگیای بۆنخۆشی کوێستانەکانەوە زۆر خۆشە. هەروەها تامی گۆشتەکەشی، بۆ یەکەمجار لەکوردەواری ببینم پەنیری برژاو بخۆن لێرەبوو.سەلکە پەنیری تازەیان وەکو گۆشت ئەجنی و لە شیشیان ئەدا و، لەسەر ئاگر دایان ئەنا تا ئەبرژا. خواردنێکی خۆش بوو.

پەنیریان بۆ فرۆشتن دروست ئەکرد و، پەنیری پێستە و ژاژی، تەرەماستیان بۆ زستان بۆ وەرزی برانی شیر هەڵئەگرت. یەکەم جار"تەڕەماست"م لەوێ بینی وخوارد. پایزان کە ئیتر شیری ئاژەڵ خەست ئەبێتەوەو، بەرەو کەمبون و بڕان ئەچێ. بەشێکی لە تەنەکە و گۆزەدا ئەکەن بەماست و، رۆنی قرچاوی خۆماڵی بەسەردا ئەکەن تا چینێکی ئەستور دروست ئەکا، لەشوێنێکی فێنک دایان ئەنا. ماستەکە ئەمایەوە، خەست ئەبوەوە و تامی زۆر خۆش ئەبو، لەزستاندا بەکەوچک سوچێکی رۆنەکەیان ئەشکاند و ماستەکەیان لێ دەرئەهێنا بۆ خواردن. بەم جۆرە ماستەیان ئەوت:" تەڕەماست".

ئاژەڵیان لە کوێستانەکان ئەلەوەڕاند، بۆ زستان، بۆ مەڕ گیایان ئەکرد بە " گزرە" و "گیش" و لەبەردەمی ماڵەکانی خۆیاندا لەشێوەی گومەزدا کەڵەکەیان ئەکرد، پێیان ئەوت:" قۆری"، بۆ بزن گەڵا و چروی ناسکی بەڕویان ئەبڕی و لەنێوان دوو لقی بەرزی دار بەڕوویەک دا دایان ئەنا، پێیان ئەوت:" گەڵا" . جوتیارە دەوڵەمەندەکان " پاوان" یان "قەدەغە" یان هەیە. بەشێکە لە لێرەواری ناوچەکە بەڵام خاوەنی ناسراوی هەیە، جگەلە خاوەنەکەی کەس بۆی نیە داری لێ ببڕێ، یا گەڵی لێ بکا.

شوانەکانی ئەم ناوچەیە هەریەکەی تەورداسێکی کرد بو بە بەر پشتێنەکەی دا. کە ئەگەیشتە خەلفی تازە پێگەیشتو، پەلی سەوز و ناسکی دارەکان. تەورداسەکەی دەرئەهێنا و ئەکەوتە بڕینیان. ئاژەڵەکەی تێ ئەوروکا.

زستان کە بەفری زۆر ئەباری و ئاژەڵ لە " هۆڵ" و " گەوڕ" دا ئەمایەوە گزرەیان ئەدا بە مەڕەکانیان و چرو بە بزنەکانیان. بۆ ئەوەی لەناو بەفردا نەچەقن و نقوم نەبن، شتێکیان ئەکرد بە پێڵاوەکانیانەوە پێیان ئەوت: " لییان"، لییان لەدار دروست ئەکرا و لە کەللەی هێلەک ئەچو.

هەندێ جار لە پایزدا کە لەوەڕ کەم ئەبو" گوێنی" یان بە تەورداس ئەجنی و ئەیان دا بە بزن. گۆشتی بزنەکەی ئەوەندە تاڵ ئەکرد لەخواردن نەئەهات. ئەبو بزنەکە چەند رۆژێ دابەستن و ئالیکی ئاسایی بدرایەتێ تا تاڵی لە گۆشتەکەی دا نەئەما، ئینجا بە کەڵکی کوشتنەوەو خواردن ئەهات.

ناوچەکە بەگشتی، لە گژوگیا و گوڵی کێویدا زۆر دەوڵەمەندە، گیا بۆ خواردنی مرۆڤ، گیا بۆ لەوەڕی ئاژەڵ، گیاو گوڵ بۆ جوانی و بۆنخۆشی. گیای رەنگ، گیای ئابوری وەکو کەتیرەو گیا سالم. لەناوچەکەدا زۆرە.

ژمارەیەکی زۆر پورە هەنگ شاریان لە کلۆری دارە پیرەکان و کونەبەردی شاخەکان دا کردبو، یەکێ لە

نەریتەکـانی نـاوچەکە ئەوەبـوو: هەر کەس پـورە هەنگێکـی کێوی ئەدۆزیەوە نیشـانەی ئەکرد، پارچەیەک دەستەسـڕی پێدا هەڵئەواسـی، یان بە چەقۆ، نیشـانەیەکی لێ هەڵئەکەند. ئیتر هەر کەس ئەم نیشانەیەی بدیایە ئەیزانی کە یەکێک لە پێش ئەودا دۆزیویەتیەوە، ئەم دەستی بۆ نەئەبرد. لەوەرزی دەرهێنانی هەنگویندا ئەچونەوە سـەری، بەڵام وا بە نەزانـی و چاوچنۆکی ئەیانبڕی هەنگەکە بەتەواوی ئەفەوتا. [٦]

***

بێگومـان ئەم نـاوچەیە لەکۆنەوە ئـاوەدان بووە، لەنزیـک ئاوایی" پیر بەینان" لێشـاوی بـاران کەندێکی دڕی بـو. چەنـد گـــۆزەیەکی ســـاغی، لەو گـــۆزانەی پـــێش ئیســـلام لە سەرانسـەری ئەم نـاوچەیەدا بـاو بوە، دەرخسـت بـو، وەکـو باسیان کرد لەکۆتایی دۆڵی خوا کوڕک دا ئەشکەوتێکی لێ بو شـوێنەواری دێرینەی تێدابو، " کێل"ێکی مێژوویشـی لێ بو. هەلومەرجی ئەو کاتە ڕێگایان نەدام سـەری هیچ کامیـان بـــدەم. بەڵام بەناوبـــانگترین شـــوێنەواری مێژویـــی لەم ناوچەیەدا " کێلەشین" بوو.

---

[٦] سەرچاوە: کتێبی: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی نـاوەوەی روداوەکــانی کوردســـتانی عێـراق (١٩٧٥-١٩٧٨) ، نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین، لاپەڕی ١٣٧،١٣٨،١٣٩،١٤١،١٤٠

" کێلەشـین" بەردێکـی شـینە بـاڵای لە دوو مەتـر کەمتـرە چەنـد نوسـینێکی گرنگـی لەسـەرە ئەگەڕێـتەوە بـۆ چەنـد سەدەیەک پێش زایین. کورد و خوێندەوارەکانی،کاتی خۆی بایەخیـان بەم جـۆرە شـوێنەوارە مێژوویـانە نەداوە، بەڵکـو زۆر شـوێنەواری بەنرخـی لەم بابەتەیـان، بە بیـانوی ئەوەی هـی کـافرە یـان گـاور کردە،لەنـاو بـردووە. ئەم کـێلەش لە دەست درێژی مرۆڤی کورد دەرباز نەبووە. جێگای چەندین گـولله و بەردی پێوەبـوو. یەکەمـین کەس کە بـایەخی بە کێلەشـین داوە، زانـای ئەڵمـانی " شـوڵتس" بـوە، لەنـاو گەڕانەکـانی دا بە کوردسـتاندا سـەری ئەم کـێلەی داوە و لێکـۆڵینەوەی لەسـەر کـردوە. بەڵام لە هەکـاری تەماعیـان کـردۆتە شـتەکانی، کوشـتویانە و تاڵانیـان کـردوە. لێکۆڵینەوەکانیشی فەوتاون. دوای ئەو چەند شـارەزای تـری ئەوروپایی لێیان کۆڵیوەتەوە، زانایـانی شـوێنەواری عێراقـی: تەهـا بـاقیرو فوئـاد سـەفەر لە گۆڤـاری " کـۆڕی زانیـاری کورد" دا لێکۆڵینەوەی بە نرخیان لەسەر نوسیوە.

لەکـاتی هێرشـی ئێرانـدا بـۆ سـەر نـاوچەی برادۆسـت، ئێرانیەکـان کێلەکەیـان گواسـتەوە، لەدەسـت درێـژی مـرۆڤ رزگاری بو.

❊❊

ناوچەکە یەکێکە لەناوچە هەرە عاسی و سەختەکانی کوردستان. چەندین ریزە شاخی بڵند و سەخت و دۆڵی قوڵ و لێڕەواری چڕ و سەدان کانی و چەمی بچوکی تێ دایە. هێشتا شوێنەواری کەلاوەی هەندێ لە گوندە روخێنراوەکانی نەستوریەکان لە شەمزینان و برادۆست مابون، کە لەیەکەمین جەنگی جیهانیدا وێران کرابون. گوندەکانی بچوک و خانوەکانی تەنگ و دواکەوتو بون، ناوەکانیشیان سەیر بون: جورجان، موسلوک، مەرگە وەروک، پیربەینان، ....کڕین و فرۆشتنیان جگە لەو کاروانانەی بۆ دیوەکانی ئێران و تورکیا ئەیان ئەکرد لەگەڵ بازاڕەکانی سیدەکان و مێرگەسور بوو.

خەڵکی ناوچەکە بەگشتی سەر بە ئێلی برادۆستن. سەرۆکی ئێلەکەیان مەحمودی خەلیفە صەمەد و دوای مردنی ئەویش کوڕەکانی: کەریم خان، قادربەگ، سەعید بەگ و، پێشەوای دینیان شێخ محەمەدی کوڕی شێخ رەشیدی لۆلانە و کە خاڵی کوڕانی مەحمود بەگ بو، وە شێخی تەریقەتی نەقشی بوو. کە خەڵکی ناوچەکە گوێرایەڵی فەرمان و دڵسۆزی کەریم خان و شێخ محەمەد بونە.

گەشەپێدانی ناوچەکە لەرووی: کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، پەروەردەی هەنگ، گەشتیاری، بازرگانی و گەشەی خاڵی

سنوری و بەنداوی جۆراوجۆرو چەندین بابەتی چاککردنی ئاودێری و کشتوکاڵی و چاک کردنی زەویوزار. بە شێوەی زانستی تازەو نوێ خزمەتێکی گەورە بە دەڤەری برادۆست و کوردستان دەکات.

❊❊

## ناوی گـــوندەکانی دەڤەری برادۆست:

ئارێ – ئاکوان – ئالانە – ئالموشی سەروو – ئالمووشی خوارووو – ئالۆکان – ئالەدوا – ئالەکا – ئاوبرا – ئینەمسید باجارا – باسەکانی خوارووو – باسەکانی سەروو –بالەکە – برەپیر – بزنکرە – بلەسەنان – بن هەوراز ـ بنەوانۆک – بناویلۆک – بنپەریزە – بندەر – بنکەور – بەنێ – رەشکین – بوزینە – بۆزان – بۆلی – بیرتە – بیرکۆل – بیجوانا – بیرکمە – بیرۆشمە – بیزەفەران – بیژان – بیسۆت – بیسۆک – بیسیو – بیقەپوشک –بیکۆل – بیمەسوران – بیواسی خوارووو – بیواسی سەروو – بەرچیخە – بەردەسۆر – بەرگرد – بەرمیزە –بەرۆژە – بەرەبۆز – بەنان – بەنان – بەنی پارەو – پاشپال – پونگستا – پیرا برایم – پیربەینان –پیرکان – پیرەکە – پیخە – پەنجار – تالستا – تالین –تالەجار – تاوکان – تاوکە – تۆبزاوە – تیروان – تەلان جورجا – جۆخین گەلا – جۆنەرە – جەرا – چنارین –چنارێ – چونسە – چۆرت – چەمەلوا – خاستۆ – خراوا –خشۆل – خنیرە ـ خۆراگر ـ خوماری – خوماریە ـ خۆراگر – خۆران – خەروانێ ـ خەترە ـ خەروانە – خەزنە ـ خەلیفان ـ داسنی ـ دالە ـ دایلا ـ دوستانا– (دوستانای – دەشتی هیرت)– دوورەملک – دۆلا ـ دۆل هەلۆ – دۆلەبیران –دیاناوا ـ دیریشکا – دیری ـ دیوین ـ دەراو – دەراوی

خواروو – دەراوی سەروو – دەرهۆل –(دەرهۆل — دەشتی هیرت) ـ دەریا سۆر – دەریا لۆک – دەریان–دەحلە کوش – دەلاوا – دەهــۆلا – رکــاوا رکــاوە –رووســۆر – رەســول ئۆمەرا – زراوک – زیارەت –زیلۆی – زیرکان ـ زەروا – ژووژیلە – ژیلیا – سارداو –سالاریا – سپیارا – سپیگا ـ سپینداری – سمخەیلا ـ سماقە ـ سنین – سویکینە – سۆریا – سۆرەزەویا – سیدا – سیدەکان (شارۆچکە) – سیران ـ سیرۆ – سی کوچکە ـ سەربیش – سەرگردسەروو شابکی – شاناشا – شکیرا ـ شکەن ـ شناو – شۆشنەی خواروو – شۆشنەی سەروو – شیوان – شیوەسان – شیوەسەقەر ـ شیوەگەرمی خواروو – شیوەگەرمی سەروو – شیوەن ـ شیخ رەش – شیخان – شیلکان –شەمزینە کەلا ـ شەمەرما عەرەب کۆلا – قەلیتان – کانی گۆلک ـ کانی باخان ـ کانی باز – کانی بەناو – کانی چنار – کانی شعبان ـ کانی مەلا – کاولیسک ـ کانیە رەش – کاولا – کاولۆک – کاولە باس ـ کەونە خومــاریە – کــوژینە – کــویرەکە – کویکــان – کۆســپەتەنگ – کۆلیــت – کۆلیتــان – کیلەگــا – کەتیــنە – کەرزاوا ـ کەژەک – کەلۆیە – کەلەک – کەلەولا – کەمەک – کەندە هۆلا – کەونە سیدەکان – کەونە گوند —کەوەرت ـ کونەلە ـ گردموسەک – گرکەبەن – گلە رەش – گوراکۆری –گوربەتراش – گورەشا – گولیژگە – گویزە قولی – گۆڕا

-گۆرا ـ گۆرابیی - گۆرمەمک - گۆرەدیم - گەرەپیچ - گەلان گەردی ـ لۆکان ـ لۆلان - لیتان - لیرەبان - لیلکان - مارە مەلا -مالایەر - مالە مەلا - مالەدەر ـ ماونا - ماوەتاوەی خواروو - ماوەتاوەی سەروو - ماوەرد - مجیسەر-مغار - موسلۆک - میرزیت - مینای خواروو - مینای سەروو - میرگەرەش - مەرگەوەرۆکی خواروو - مەرگەوەرۆکی سەروو ـ مەزرە - مەلا بادین - مەمدیا - مەیدان ـ مەجبوراوە ـ ناودارۆک ـ ناورۆین - ناومیرگان - ناوەروان - نزاری -نیکەوە - نەیا ـ هارونە ـ هاومار ـ هۆرەیس - هۆلی -هیردەن - هیشم - هەتکای خواروو - هەتکای سەروو -هەجری - هەدنیی خواروو - هەدنیی سەروو - هەرین - هەویلان ـ هەزدان - هەیات - وسوان-شاپان--ژیلیا ... دەکرێ زیاتریش بن.

❋❋

دەڤەری برادۆست پێکهاتووە لە ناوچەیەکی سنوری دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری پارێزگای هەولێر پێکهاتووە لە سەنتەری ناحیەی سیدەکان و نزیکەی ٢٥٠ گوند کە زیاتر لە سەد گوند ئێستاش ئاوەدان نەکراوەتەوە لەڕووی کارگێڕییەوە سەربە قەزای سۆرانە لە پارێزگای هەولێر لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوری شاری شنۆی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوای ئێرانە لە

باکوریشــەوە لەگەڵ تورکیــا هاوســنورە و بە دیــاریکراوی قەزای شەمزینانی پارێزگای جۆلەمێرگ.

لە باشوری کوردستانیش هاوسنووری هەرسێ قەزای سۆران و قەزای چۆمان و مێرگەسۆرە

سروشتی ناوچەکە شاخاوییە دەشتەکان دەشتی هێرت و دەشتی بەرازگری هەیە و زنجیرە چیاو شاخی گەورەی هەیە وەک زنجیــرە چیاکــانی خواکــورک و کێلەشــین و شاکیو.

ژمــارەی دانیشــتووانی بیســت هەزار کەس زیــاترە و زۆرینەیان خەریکی ئاژەڵداری و کشت و کاڵن

نـاوچەیەکی بە پیتە بۆ ئاژەڵداری و لەوەڕگـای زۆری هەیە بەتایبەت لە کوێستانە سنوریەکان

خاکەکەشــی بە پیــتە و ئــاوی زۆرە و ڕووبارەکانیشــی خواکورک و خنێرە و سەرکەمێ و زەنا و سیدەکانن. زۆر شــوێنەواری مێژوویــی و کــۆنی هەیە وەک کێلەشــین و گوندی موساسیری کۆن و کێلی سەلیمخان.

شوێنی گەشتیاری زۆری هەیە وەک بێرمی دینداران و بێرمــی کــۆراوا و کوێســتانەکانی ســەقەر و کێلەشــین و مێرگەمیر.

**

سنوری برادۆست کە بەسەدان گوند لە خۆدەگرێت، لە دۆڵی گەلی عەلی بەگەوە درێژ دەبێتەوە بۆ چۆمان و رۆژهەڵاتی کوردستان و شنۆ و مەرگەوەر و سۆما و سەڵماس لە خۆ دەگرێت، لەوێشەوە درێژدەبێتەوە بۆ هێڵی شەهیدان شەمزینانیش لە خۆ دەگرێت، هەروەها دیاناش دەکەوێتە سنوری ناوچەی برادۆستەوە.

برادۆست شوێنی نیشتەجێ بوونی ژمارەیەکی زۆری هۆز و عەشیرەت بووە بە درێژایی مێژوو تا ئێستا کەئەمانە پێکەوە برادۆستیان لەدەڤەرەکە پێکهێناوە وەکو زەرزان، سورچی، زراری، هەرکی، خەیلانی، شەرڤانی و مەری، خواکورکی، شێخ زادەیی، مێگ زادەیی، راڤاندۆکی، پیناسینی و شەکیفی. بۆ شارەزابوونی زیاتر مێژوونوس و نوسەرو شارەزایانی ئەم تیرەو هۆزو عەشیرەتانە خۆیان باشتر دەزانن، ئێمە تەنها ئەم زانیاریانە دەگوازینەوە کە لەسەرچاوەکانی مێژووی نوسینی ناوچەکە دەستمان کەوتووە، دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە لەسەر رەچەڵەکی برادۆستیەکان کارێکی زانستی مێژویی لەلایەن خودی نوسەرو مێژوو نوس و شارەزایانی خۆیانەوە ئەنجام بدرێت.

**

نــــاوچەی برادۆســــت بــــۆ هەمــــوو هێــــزو لایەن و بزوتنەوەیەکـی کـوردی لە هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان گرنگی خۆی هەیە، بۆیە هەموان دەیانەوێت خاوەنی نفوزی ناوچەی برادۆست بن، کاتی خۆی یەکیەتی بڕیاری دا بێتە نـاوچەکە بـۆیە کارەسـاتی هەکـاریش روویـدا، بەهەرحـاڵ لێـرەدا ئەمە بـابەتی ئـێمە نـیە، بەڵکـو زیـاتر رونکـردنەوەی گرنگـی جیۆسیاسـی برادۆسـتە، بـۆ نمـونە فەرمانـدەیەکی پەکەکە بەمجـۆرە قسـە لەسـەر مێـژوو نـاوچەی برادۆسـت دەکات:

سەید رەزا گارزان یەکێک لە فەرمانـدەکانی گەریـلا بـاس لە مێژووی ناوچەی برادۆست دەکات

## مێژووی برادۆست

گــارزان لەبــارەی مێــژووی برادۆســتەوە وتــی "گەل و ناوچەی برادۆست بۆ هورییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم نـاوچەیە لە گەلانــی هــوری، گــوتی، کاســیت و مەهیریــان پێکــدێت. برادۆســت خــۆی لە گەلــی لــوری و هــورییە. نــاوی چەمــی لــۆلانیش لە لورییەکــانەوە هــاتووە. بــوونی خۆیــان بە تەواوەتــی پاراســتووە. تــاوەکو ســەردەمی ساســانییەکان بە تەواوەتی بە ئازادی و لەسەر کولتور و نەریتەکانی خۆیـان ژیــاون. لە دوای ساســانییەکان و لە دوای ئەوەی عەرەب کوردســتانی داگیرکــرد، گوشــاریان خســتە ســەر بــاوەڕی زەردەشتی و مەسیحی لە نـاوچەی برادۆسـت. ئێسـتاش لە نـاوچەی برادۆسـت شـوێنی جیاجیـای پەرسـتن هەیە. لەبەر ئەوەی ئەمەوییەکــان و عەباســییەکان تــاوەکو ســەردەمی ســەلجوقی نەیــانتوانیبوو کــورد کــۆنترۆڵ بــکەن، بە دامەزراندنی میرایەتی هەوڵیاندا کورد بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیــان. چەنــد کەس لەو میــرانەش، میرەکــانی فــارقین، ساســۆن، هەربــورگ و زەرزان بــوون. لە برادۆســتیش سیستمی میرایەتیان دروستکرد. کاتێک میرایەتیی برادۆست دامەزرا، ٢٢ خێڵ و ١٢ عەشیرەی لە خۆ گرت.

برادۆست نـاوی یەک عەشـیرە نییە و نـاوی نـاوچەیەکە. سـنوورەکەی لە دۆڵـی (گەلیی) عەلـی بەگ تـاوەکو چۆمـان،

لەوێـــیەوە تـــاوەکو رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و شـــنۆ و مەرگەوەر و سۆما و سەڵماس لە خۆ دەگرێت، لەوێشەوە و لە هێڵی شەهیدان تاوەکو شەمزینان و بارزان لە خۆ دەگرێت. دیاناش دەکەوێتە سنووری ناوچەی برادۆست. ناوی دیانا ناوی ژنێکی برادۆستییە. شکاکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش برادۆستن. عەشیرەتەکانی، زەرزان، سوچی، زراری، هەرکی، خەیلانی، شەرڤانی و مەری لە فیدراسیۆنی برادۆستدا بوون. ئێستاش هەر چەند لە یەکتر دوورن، بەڵام هەر پەیوەندیی عەشیرەییان بە یەکەوە هەیە. ئەوانەی کە ئێستاش خۆیان بە برادۆستی دەزانن بریتین لە، خواکورکی، شێخ زادەیی، مێگ زادەیی، راڤاندۆکی، پیناسینی و شەکیفی. مێگ زادەیی لە قەڵای دمدمەوە هاتوون. میرکیش برادۆستییە".

زۆر هێز هەوڵیاندا داگیری بکەن، بەڵام پێیان نەکرا، سەید رەزا گارزان فەرماندەی گەریلا رایگەیاند، پێش سەردەمی ئەمەوی و عەباسی ناوی برادۆست بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتووە. لەبەر ئەوەی ئایینی جیاجیای تێدا بووە و پێکەوە ژیاون ئەو ناوەیان بۆ ناوچەکە داناوە.

گارزان وتی "داگیرکەران هەموو کات هەوڵیانداوە برادۆست داگیربکەن، بەڵام بەهۆی دۆخی جوگرافیی ناوچەکەوە نەیانتوانیوە داگیری بکەن. نە ئێران و فارس، نە

تورک و عوسمانی، نه ئەسکەندەریش نەیانتوانیوە بەسەر ئەم جوگرافیایەدا سەر بکەون. هەوڵیاندا داگیری بکەن، زیانیشیان بە ناوچەکە گەیاند، بەڵام لە دوایدا ناچار بوون ناوچەی برادۆست بەجێبهێڵن".

## مانای ناوی برادۆست

گارزان ئاماژەی بەوەکرد، مەسیحی، ئێزدی و باوەڕدارانی ئیسلام پێکەوە لە ناوچەکەدا ژیاون و لەوبارەیەوە وتیشی "بەهۆی برایەتیی مسوڵمان و دۆستایەتیی ئێزدی و مەسیحییەکانەوە ناوی برادۆست بۆ ئەم ناوچەیە بەکارهاتووە. ئێستاش ئێزدییەکان لە دیانا و برادۆست دەژین. تاوەکو کاتی ڕێککەوتنی قەسری شیرین (ڕێککەوتنی زەهاو لە ١٦٣٩) برادۆست یەکپارچە بووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێککەوتنامەیەوە کرا بە دوو بەشەوە.

**

## کورتەیەك دەربارەی

## عەشیرەتی برادۆست و قەڵای دم دم ...

خەڵکــی برادۆســـت و قەڵای دم دم، هەرچەنــد زانــاو فەلسـەفی نەبوون و خەڵکێک بە شێوازی خێڵەکیەتی و بێ گوومـــان زۆربەی نەخوێنـــدەوار، بەڵام ســـەرکردەیەکیان تیاپەیدا بوو کە خانۆی لەپ زێڕین[7] بوو، کە خوێندەوارو ســەرکردەیەکی لەشــکری دامودەزگــای عەباســیەکان بــوو، 'وەک دەڵێن ئافرەتێک لە بنەماڵەی خانەوادەی عەباسیەکان خێزانی بوو' هەروەک ئاشکرایە لە هیچی کەم نەبوو، ڕێزو شــوێن وجێگــای لە دامودەزگــای عەباســیدا بــێ کێشــەبوو، بەڵام دەیویست ئەو توانای خزمەت و زیرەکیەی بۆ میللەتی خۆی بخاتە کارو وەک لە چیرۆکی قەلای دم دمدا باسدەکا، قەلایەکی کۆنی ساسانیەکان دروست دەکاو بنەماڵەو خێڵی هەموو لێ کۆدەبنەوەو کۆمەکی دەکەن.

وەک خێزانێـــک کـــاردەکەن بـــۆ دروســـتکردنی دامودەزگـایەک لە گەل هێـزو لەشـکرو چەکدارو توانـایەکی باش، بەڵام لەبەر نەبوونی یەکیەتی لە نێو خێڵەکانی کوردا هەمیشە لە مێژوودا کێشەیەکی زانراوو ئاشکرایە، نەبوونی ئەم یەکیەتیە وەک نەخۆشـی سـەرەتان بووە بۆ هیـواداری

[7] خانی لەپ زێڕین(ئەمیرخانی برادۆست)، یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی کورد و برادۆست. کە سەرکردایەتی شەڕی دم دمی کردووە.

هەوڵی سەربەخۆیی کورد. بەڵام ئەم سەرکردە بێ وێنەیە ماوەیەک و بێ خۆفرۆشتن بە هیچ لایەنێکی دوژمنانی کورد توانی بۆ چەندین ساڵ پێش ساڵی ١٦٠٥ ی زاینی لە ناوچەی ورمێ و شاخەکانی دەم دەم بەرگریکرد لە دەستدرێژی و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن ئیمپراتۆری سەفەوی فارسەکانەوە، چەندین جار هێزی یارمەتی دەنارد بۆ لێدانی پەلاماری تورکە عوسمانیەکان و یارمەتی چەندین خێڵی کوردی دەدا کە ئامادەنەبوون باجی ساڵانە و ژێردەستەیی عوسمانیە تورکەکان قبوڵ بکەن.

هەروەک لە چیرۆکەکەی ئارەب شامیلۆڤی کوردی ئەرمینیا و وەرگێڕانی کتێبەکەی بەڕێز شوکر موستەفا باس دەکا، هەرچەند نوسخە کوردیەکەی نوسینێکی سادەی چیرۆک گێڕانەوەیە، و لە ڕادەی نوسینی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا نەبوو بۆ وەرگێڕانی دەقی نوسینی چیرۆکەکە، و من ماوەیەکی زۆرە هەوڵدەدەم و بۆ گەڕان بەشوێن زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم خێڵە کوردە کەوا بە سەرۆکایەتی ئەم سەرکردە پاڵەوانە، بێ ترس و بە توانای باوەڕ بەخۆبوونەوە هەستان بەم کارە بەرامبەر دوو ئیمپراتۆری جەنگەڵی سەردەم، بە بێ ترسان لە مردن و لەناوچوون، خێڵی برادۆستی لە خۆی کۆکردەوە و ئەوانیش نەبەردانە کۆمەکی یان کرد بە ماڵ و گیان، بە

چەکـــدارکردنی لەشـــکری کـــارامەو پـــاڵەوان، و چەنـــدین نەبەردییـــان وەدەســـتهێنا، هەروەک حکـــومەتێکی بچـــووک خاوەن دامودەزگاو یاسا ، و دابینکردنی ئاشتی و ژیانێکی خۆشـــگوزەرانی ســـەربەخۆ لە نـــاوچەکەدا، و بەرامـــبەر چەندین هەڕەشەو مەترسی و دەسدرێژی دوژمنانی کورد. لە هەمـوی گرنگتـر کـۆمەکی تەنهـا بەکـورد و خـێڵەکەی خـۆی و بـاوەڕی بەهـیچ دوژمنێکـی کـورد نەبـوو، چـۆکی دانەدا بـۆ هـیچ ئیمپراتـۆرو زلهێـزو دوژمنێکـی کـورد، بەڵام جێگای داغ و مەراقە ئەم سەرکردە مەزنە، هیچ لە خێڵەکانی کـــورد کۆمەکیـــان نەکـــرد و لە کـــاتی پێویســـتا کەس لە کوردەکـانی نـاوچەکە نەهـاتن بـۆ یارمەتیـدانیان، هەرچەنـد خـۆی هەمیشـە ئامـادەبوو بـۆ یـارمەتی هەر کوردێـک کە پێویسـتی بەیـارمەتی بـوایە هەروەک لە چیـرۆکەکەدا بـاس دەکا.

ئەو خەڵکەی دەوروپشتی، هەمـوو تێکۆشـەرو بێ تەمـاح وبرایـانە دەژیـان بە ژێـانێکی سـادە کە بەرهەمیـان تەنهـا بەخێـــوکردنی مەرومـــاڵات و وڵاخ و هەنـــدێ کشـــتوکاڵ وبەرهەمـــی باغەکانیـــان بـــوو، بەڵام ئەوە ســـەیر بـــوو، لە مێـــژوودا خەڵکێکـــی وا کەم و کەمدەســـەڵات و بـــێ کەس هەرگیـــز لە مێـــژوودا بتـــوانن ئەوەنـــدەی ئەم خـــێڵە و ســـەرکردەی مەزنیـــان زیـــرەک و بـــاوەڕ بەخـــۆو پـــاڵەوان

بووبن، وەک لە باسـەکەدا ئاشـکرایە سـەرئەنجامی کەوتنـی تێکشـکان نەبـوو لە شـەڕەکاندا بەڵکـو خیـانەتی کـوردێکی خـۆفرۆش بەنـاوی مەحمـود مەرەکـانی ڕێـی لەنێـوبردنی قەڵای دەم دەم بە دوژمنـان نیشـاندا و ئاویـان لـێ بـڕا، و بـووە هـۆی لە نـاوچوونی کۆمەڵگـایەکی ئەفسـانەیی وا بەجەرگ و ئـازا. و پاڵەوانەکـانی کەسـیان ئامـادەنەبوون خۆیـان تەسـلیمی لەشـکری داگیرکەری فارسـەکان بکەن، و ڕازی نەبوون سەرشۆڕی و بەدیل گیران قبوڵکەن. هەموو بە دڵنیـایی پـێکەوە لەسـەر ئەوە ڕازی بـوون کە خۆیـان و قەڵاکەیـان بتەقێنـنەوە ژێردەسـتەیی و دەسـتدرێژی دوژمـن قبوڵ نەکەن.

لە سـەرتاپای باسـی ڕوداوەکەدا ژیـانێکی ئـارام و کارکردن و یەکگرتوو، خەڵکەکە هەموو پێکەوە هـاوبەش لە کـارکردنی کشـتوکاڵ و بەرهەمـی شـیرەمەنی مەڕومـاڵات و بەرهەمـی دروسـتکردنی جـل و بەرگ و پۆشـاک ڕاخەرو بازرگـانی لە گەڵ چەنـدین نـاوچەی دورو نزیـک. هەروەک مـن چەنـدین سـاڵ لەمەوبەر ئەم چیـرۆکەم خوێنـدەوە کـارتێکردنی بەردەوام لە ژیانمـا بـووە و لەوکـاتەوە هەوڵمداوە زانیاری زیاتر لە سەر ئەم چیرۆکە و ئەم خەڵکە بـدۆزمەوە و مـاوەیەکی زۆرە هەوڵمـداوە وا لەم چیـرۆکە بـکەم باسـەکە فراوانتـرکەم بە باسـی هەنـدێ لە شـەڕەکان

ودەوری ئافرەتی کورد لەم شەڕانەدا، و باسی دامودەزگای شــــاعەباس و ئەســـفەهان و باســـی جـــوانی سروشـــتی ناوچەشـــاخاویەکانی قەڵای دەمە دەم(دم دم)، و باســـێکی کورتی مێژوویی وەزعی سیاسی ناوچەکە لەو ماوەدا، و نەخشکردنەوەی ڕەنگی هەندێ لە پاڵەوانەکان و دیمەنەکان کە لە بنەڕەتا نەخشی ڕەش و سپی هەڵکەنراوی هونەری سەر تەختەیە، هەندێکیانم نەخشکردووە بۆ ئەوەی گیانێکی زیندوتر بدەم بەم ڕۆمانە لەگەل هەندێ هۆنراوەو لاوانەوە لە بەرهەمەکانی فەقێ تەیران. بەردەوام لە هەوڵدانا بووم کە چۆن ئەم کارە بە پێی توانا بە شێوازێکی سەردەمی ئەم چیـــرۆکە بـــخەمە چوارچێـــوەی ڕۆمـــانێکی ســـەردەمی و بەئینگلیـــزی ئامـــادەبێ بـــۆ خوێنـــدنەوە لە ســـەر کتێبـــی ئەلکترۆنی، ' ئی بووک' بۆ جیهانی ئینگلیز زمان.

لە نێوەندەکانی میدیای کوردی و سیاسی کوردا کەس بـــاس و یـــادی قەڵای دەم دەم ناکـــاو وەک نمـــوونەیەکی نەبەردی و نەترسی و هەوڵی زانیاری مێژووی کەلتورو هەولـــدانی مانەوەمـــان لە نـــاوچەکەدا، و بەرگریکـــردن لەم ویستە نەتەوەییە، خەڵکێک کە لە مردن نەترسان، کە گیانی خۆیان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا دانا، خەلکێک و ســـەرکردەیەک کە بـــاوەڕی بە شـــا عەبـــاس و دامودەزگـــای نەکـــرد، شـــا عەبـــاس وەک تاوانبـــارێکی مێژوویـــی کە وەک

هیـتلەرو مـاوو سـەددام کەس و کـاری خـۆی کوشـت و هەردوچاوی کوڕی خۆی دەرهێنا چونکە ترسی هەبوو کە لەنـاوی بەرێ و جێـی بگـرێتەوە، خـانۆ وەک هەنـدێ لە سـەرکردەی شۆڕشـەکانی کـورد گـوێی لە بەڵێنـی درۆی فارسـەکان نەگـرت و بـڕوا بـۆ تـاران ملـی بخـاتە ئەڵـقەی سێدارەیان

هەر وەک تیرۆرکردنـی سـمایل خـانی سـمکۆ و شـێخ سـەعیدی پیـران و قـازی و قاسـملو وچەنـدینی تـر، ئەگەر هەندێ یەکگرتـووتر بوینـایەو وەک پاڵەوانەکـانی قەڵای دەم دەم لە دوژمـن نەترسـاینایە بێگومـان وەزعمـان لە وەزعـی ئێسـتا جیـاوازتر دەبـوو. نەک تەنهـا ئەو نەبەردیەی قەڵای دەم دەم مـان تیـا نـا بینـرێ بەڵـکو نـاوێرین یـادی کەیـن و باسـیکەین. وەک مـن بەهـۆی برادەرێکـی خۆمـانەوە لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات کە سـەرچاوەیەکی مێـژووی سەردەمی سەفەویەکانی دۆزیەوە کە نوسەری "بایۆگرافەر" ی سەر ژیانی شا عەباس بەناوی ئەسکەندەری تورک لەم سـەرچاوەدا بەنـاوی 'ئـالام ئـارای عەباسـی ' بە بۆچـوونی عەباسـیەکانەوە باسـدەکاو دەڵێـت: ' ئەم خـێڵە خێڵێکـی سەرسـەخت و بەد بەخـت، هەروازیـان نەهێنـا لە شـەڕکردن هەتـا هەموویـان ئینتیحاریـان کـرد و خۆیـان کوشـت و بە هەقـی خۆیـان گەشـتن.' هەروەک ئەو بـرادەرە کە چەنـد

جارێک دەچێتە ئەو مەکتەبە و داوای ئەو سەرچاوە دەکا کە زیاتر لەسەر ئەو بەسەرهاتە بخوێنێتەوە، بەڵام کارمەندی مەکتەبەکە فارس دەبن یا سەر بە فارس دەبن گومانی لێدەکەن و نایەڵن بەردەوام بێ لە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوە، ئاوایە برایەتی کوردو فارس و عەرەب و تورک، کە گەشتە هەوڵێکی وا هەموو ڕێگری دەکەن و کێشە دروستدەکەن.

هەر بەو جۆرە بەردەوام لە مێژوودا ئەم داگیرکەرانە هەوڵیان داوە باسی کەلتور و مێژوی شارستانی کورد بگۆڕن و بشارنەوە نەیەڵن گەشەدار بێ ، وا من ماوەیەکە هەندێ کار لەسەر ئەم بەرهەمە دەکەم کە بە شێوازێکی شیاو بۆ بڵاوکردنەوە بیکەم بە ئینگلیزی و بەهیوا بووم لەسەر ئینتەرنێت بڵاوبێتەوە و لەبەردەستابێت بۆ جیهانی ئینگلیزی زمان بی بینن. لەم چیرۆکەدا کە چەندین لایەنی ژیانی خەڵکی کورد لە شاخەکان باسدەکرێ کە دامودەزگایەکی یەکگرتووی خۆیان بووە، بەردەوام پێکەوە کاری کشتوکاڵی ومەڕومالات بەخێوکردن بەشێوەیەکی هارمۆنی لەگەل جوانی هونەری سروشت و جوانی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە بەرەوڕووبونەوەی کێشەکانی ژیان و کارکردن پێکەوە بۆ لەشکرگەری و تەمرینکردن و خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاری دوژمنانیان.

لە نێوباسەکەدا بەسەرهاتی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو گەنج دولبەرو شێباب، کە جوانی و پاکی پەیوەندیان وا ئاسایی لەگەل جوانی سروشتی باغەکان و چەمودۆڵ و شاخەکان و گۆرانی حەیران و چریکەی بولبول و باڵندەکان و ئەسپ سواری و شریخەی شەڕەشمشێر و قەڵغان و لەگەڵ خرمەی سمی ئەسپەکان و ڕاکردن و غاردان بە قاقای پێکەنین و گرمە و هاواری نەڕەشێرەکانی شاخەکانی دم دم، لەژێر چاودێری و سەرکردایەتی خانۆی لەپ زێڕین و هەمزەی سەرلەشکری و چەندین پاڵەوانی وەک پستۆو سۆتۆو زۆرو خانۆو ئاسۆی لاکان و زادینە خانم و ئەسکەندەری جەنگاوەری بەتەمەن و خاوەن چەندین سال لە خزمەتی لە شکرگەری، بە عاقڵی وزانیاری لەچەندیین مەیدانی جەنگدا، لە دژ دوژمنانی کورد بۆ پارێزگاری کوردو کوردستان، لە تێکۆشاندا بەردەوام تەمەنی درێژی لە شەڕدا و لە ئەنجامدا لە شەڕی بەرگری قەلای دم دم ژیانی لەدەست دەدا.

هەروەک جارێک لە بەیەک گەشتنی دولبەرو شێبابدا دولبەر دەڵێت: ' ئای ئەمجارەش دەڕۆیت بۆ شەڕ، ئەمە تاکەی؟ بۆشەڕ تەواو نەبوو؟ بۆ ئەم زاڵمانە وازمان لێناهێنن و نایەڵن بە ئاشتی بژین؟' هەر وەک بەئاواتەوە دەبن ببن بە هاوسەری یەکتر بۆ ژیانێکی خۆشەویستی و

ئاشتی وئاسایی، و له وەڵامدا شێباب دەڵێت: ' بەڵێ بۆ شەڕ دەڕۆم ژیان شەڕە دەبێ هەمیشە ئامادەبین بۆ شەڕ، بۆ بەرگری له هەڕەشەی دوژمنان، ئەگەر وا نەبێت دەبینە ژێردەستەو دەبێ شەڕ بۆ دوژمن بکەین، لەبەر ئەوە هەمیشە چاکترە بۆ خۆمان بەرگری له خاک و نیشتمان شەڕبکەین.' هەروەک بەناکامی و بەیەک نەگەشتنی ئەو دوو خۆشەویستە جوان و خاوێنە، ئاوا هەتا ئێستا ئەو ئاواتی ڕۆمانسی بەیەک گەشتنی خۆشەویستی و سەربەخۆیی نیشتمان نەهاتووەتەدی بۆ میللەتی کوردو هەموو تاکێکی کورد.

گەر بەشێوەیەکی وردبین تر سەیری ئەم چیرۆکە بکەین، دەبینین دەورێکی بالای ئافرەتانی کوردە بە سەربەرزی و شانازیەوە، هەر وەک دولبەر لەگەڵ برایەکی بچووکی درەنگ ئێوارە دەڕۆن بەسواری ئەسپ زەخیرە دەبەن بۆ لای شوانەکەیان له شاخەکان، له خزمەتی شوانەکە دەبێت، و له ژێر دەوارێکدا بەتەنیا ئافرەتێکی شۆخ و ناسک و جوان دەمێنێتەوە و له خزمەتی برایانی شوانیا بێ ترسی دەسدرێژی و بێ غەمی ناموس له دەسدان، بێگومان بە بێ حیجاب و عەباو پەچەو پارچەپەڕۆی ڕەش و مۆرو وا مەردانەو نەترس، وەک نەڕەشێری شاخەکان، تەنها خۆشەویستەکەی خۆش دەوێ،

کەسی تر بە پیاو نازانێ، هەروەک پاڵەوانەکانی قەڵای دمدم دمدم، هەموو وەک خێزانێک دەژین، هەر وەک فەیلەسوفی چینی چۆن پێش بینی کۆمەڵگای زانیارو سەربەرزو پێشکەوتوودەکا، هەموو شاخ و دۆڵ و باغەکان موڵکی هاوبەشەو لە بۆ تەماحی بەسامان بوون پوڵ و پارە هەوڵ نادەن، بۆ مەبەستی سەرەکی کە بەرگری کردنە لە ناموس و نیشتمان.

هەموویان لەنێو سنوری یەک تەلبەنی شاخەبەرز ومەزنەکان و باغەکانا دەژین وەک خێزانێک، پێکەوە دەست لە ناودەست، گەورەو بچووک و ژن و پیاو مەردانە شەڕدەکەن، لە باسی ئەم بەسەرهاتەدا چەندین لایەنی ژیانی ئاشتی و یاسایی ویەکگرتووی کۆمەڵگایەکمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەبوو ئەم یادە هەموو ساڵێک یاد بکەینەوە و ڕێزی لێبگرین و نەترسین لە هەڕەشەی داگیرکەران، هەر وەک لە شۆڕشەکانی مێژووی کوردا چەندین تێکۆشەر ئەڵقەی سێدارەیان کردە ملیان و ملیان نەدا بۆ دوژمنان و خۆفرۆشیان قبول نەکرد، هەر وەک چەندین پێشمەرگەی نەبەز و پاڵەوان و نەترس، چۆکیان دا نەدا لەبەردەم هەڕەشەی لە سێدارەدان و بەدیل گرتندا. ئافرەتانی قەڵای دمدم شان بەشانی پیاوەکانیان شەڕیان دەکرد، و ژیانیان بەلاوە بێ نرخ دەبێ بە لەناوچوونی

خۆشەویستانی کورو باوک وبراو کەس و کارو هاوسەریان. ئەم چیرۆکە واتای زۆر زیاترە لە هەندێ باسی لایەنی داگیرکەری و چاوبرسیەتی داگیرکەرانی کوردستان، ئێمە دەبوو لە لایەنی میدیاو پروپاگەندەدا بەردەوام لە هەوڵدان بووینایە بۆ ناساندنی کێشەکانی داگیرکەری کۆمەڵکوژی و ئەنفال کردن لە لایەن هەموو داگیرکەرانەوە.

هەروەک لە ئەنجامدا زۆربەی جەنگاوەران دەکوژرێن و ئاویان لێدەبڕێ و هەرچەند لەشکری ئافرەتانی زادینە خانم و هەتا زۆربەی ئافرەتان دەچنە مەیدانی شەڕو بەرگریکردنەوە، لە ئەنجامدا لە بێ ئاویدا سەرۆکی قەڵاکە خانۆی لەپ زێڕین وپیاوەکانی کۆدەکاتەوەو باسی پلانی تەقینەوەی قەڵاکە دەکا، و هەرچەند ئازادی بۆچوون و ویستی پاڵەوانەکانی دەداتە دەست خۆیان، پێیان دەڵێت: ' هەرکەس دەیەوێت ئێوە ئازادن ئەگەر خۆتان تەسلیمکەن دەتوانن بچنە خوارەوە بۆ لای لەشکری دوژمن. ' کەس ڕازی نابێ و هەموو بە یەکگرتوویی ئامادەن کۆمەکی سەرۆکیان بکەن، دوایین پلانیان تەقینەوەی قەڵا وخۆکوشتنیان بەسەربەرزی نەک سەرشۆڕ و زەلیلی و دیلی دەست دوژمنانی لەشکری جەنگەڵی شاعەباس.

خۆیان دەکەن بە نموونە یەکی ئەفسانەیی مێژوویی بێ وێنە بەسەربەرزیەوە دەمرن و خۆیان تەسلیم ناکەن. هەروەک خانۆ لە دوایین شەوی قەراردانا بیر لە ڕابووردووی خۆی دەکاتەوەو وا هەستدەکا: ژیانێکی تێکۆشان و کارکردن و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کورد، تەنها داغی نەبوونی یەکیەتی نێوان هەموو خێڵەکانی کوردە، لە خۆیدا ڕابووردویەکی سەربەرزی و نەبەزی کە لە هیچ شەڕێکدا چۆکی دانەداوەو تێک نەشکاوە، هەتا دەسەڵاتداری سەفەویەکانیش لە ڕادەی بەهێزی سەربەرزیدا دایانابوو، هەر لەبەرئەوە بوو کردبووی بە سەرکردەیەکی خۆی پێش هەوڵدانی لە دروستکردنی قەڵای دەم دەمدا، ئاوا سەرۆکی قەڵا گومانی لە ڕابووردوی خۆیدا نەبوو لە هەوڵدانیا بۆ یەک بوون و سەربەخۆیی کورد، بەڵام وا دیاربوو ئەمە دوایین هەوڵی بوو، کە کەس لە کوردەکانی ناوچەکە بە هاواریەوە نەهاتن کە زیاتر لە ٦ مانگ شەڕبوو. سەر خێلە کوردەکانی بێ ئاگاو بەغیل و نەزان نەهاتن بۆ یارمەتیدانی خانۆ و خێڵی برادۆست، خانۆو پیاوەکانی ناچاربوون قوربانی بدەن بە گیانی خۆیان و ژێردەستەیی و دەسدرێژی ناموسیان قبوڵ نەکەن.

لەدوای ئەم بەسەرهاتە، وەک سەرچاوەکەی ئەسکەندەری تورک باس دەکا، نیو ملیۆن لە خەڵکی

دێهاتەکانی ناوچەکە ئەنفال کران و گوازرانەوە بۆ ناوچەی سەرو ڕۆژهەڵاتی ئێران، وەک لە سەرچاوەی مێژوویی دا دەردەکەوێت ئەوکاتە هێشتا ناوی ئێران لەسەر خەریتەی جیهان نەبوو، بەس ناوی کوردستان و ئازەربایجان و وڵاتی فارس هەبوو، نەوەکانی ئەو خەلکە لەناو فارسەکانا هێشتا پێناسەی کوردی خۆیان نەدۆڕاندووە و نەتواونەتەوە لە نێو فارسەکان، وەک من خۆم بەرێکەوت کەسێکی ئەو خێڵەم لە لەندەن بینی بە زمانی کوردی وهەستی کوردپەروەریەوە وتووێژمان کرد، هەروەها جارێک لە لەندەن ئافرەتێکی سودانیم بینی ووتی من کوردم لە بنەماڵەی سەلاحەدینی ئەیوبیم لەو سەردەمەوە کە بنەماڵەی سەلاحەدین لە میسر و سودان تێکەلاوی ئەو میلەتانە بوون هێشتا وەچەی کوردیان ماون و خۆیان بەکورد دەزانن.

پاڵەوانەکاکنی قەلای دەم دەم ئەوەندە باوەڕیان بەخۆیان بوو، کە دەچوون بۆشەڕ هەمیشە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ گێڕانەوە و بە تەپلی جەنگ و گۆرانی حەیران و شمشاڵ لێدانەوە، هەموو بە سوعبەت وپێکەنین و قۆشمەبازیەوە دەچوون بۆشەڕ و ترسیان لە مردن نەبوو، چونکە بە سەربەرزیەوە گیانی خۆیان دەکرد بە قوربانی خۆشەویستی و پارێزگاری ناموسی کوردو کوردستان.

بێگومـــان له هـــیچ باســـی ڕوداوو باســـی ژیـــانی سـەرکردەیەکدا بـێ ڕەخـنە نـیە، ئەگەر ئەم ڕۆمـانە باسـی تەواوی ئەم بەسـەرهاتە بـێ، وا دیـارە خـانۆی لە پزێـڕین تەنهـا سـەرکردەیەکی لەشـکرگەری/ سـەربازی بـوووە هەرچەنـد سـەرکەوتوو بـووە لەم کارانەیـدا، هەر وەک لە باسـی ڕووداوەکەدا دەردەکەوێـت فارسـەکان بـۆ مـاوەی زیاتر لە ٣ ساڵ لەشکر دەنێرن و هەوڵی ناردنی جاسوس لە چەندین شێوازدا دەنیرن بۆ قەڵای دمم دمم، و لەشکری قەڵا چەنـدین شـەڕی سـەرکەوتوو مەردانە دەکەن، بەڵام خـانۆ بیـر لە هەولـدان لە کۆکردنەوەی کۆمەکی خێڵەکـانی تـری کـوردی نـاوچەکە ناکـاتۆ هەتـا زۆری پـێ دێ و فارسـەکان چەنـدین هەزار لەشـکری لـێ کـۆدەکەنەوە قەڵا گەمارۆ دەدەن، ئینجا یەک دوو پیاوو کوڕێکی دەنێرێ بۆ لای خێلەکـانی نـاوچەکەو بەتـایبەت شـەمدینان و خێڵەکـانی تـر، ئەم هەوڵەی سـەرکەوتوو نـابێ و تیرۆردەکـرێن. ئیتـر هەوڵەکـانی سـەرکەوتوونەبوون و بـێ ئاگـایی و نەزانـی خێڵەکانی کورد لە نـاوچەکەدا ئەوەنـدە گێل و نەفام بـوون کەس بیـری لە یارمەتیـدانی نەکـردەوە، و چـونکە بەهـۆی کـارێکی واوە دەیـانتوانی نـاوێکی سـەربەرزی بۆخۆیـان وخێڵەکانیـان دروسـتکەن، هەرچەنـدە لەشـکری فارسـەکان ئەوەندە بەهێز نەبوون و شارەزای ناوچەکە نەبوون، ئەگەر

تەنها بە هەوڵدانی شەڕی پەلاماردان و ڕاکردن/ پارتیزانی هەوڵیان بدایە، دەتوانرا ڕیزی گەمارۆدانی دوژمن بشکێنن و باوەڕی یارمەتیدان و یەکگرتوویی دروستکەن لەنێوان لەشکرەکانی کوردا و عەزمی لەشکری دوژمن تێک بشکێنن، خانۆ زانیاری سیاسی نەبوو، ئەگەر لە بواری سیاسیدا هەندێ زاناتر بوایە ئەڵبەت کۆمەکی چەندین سەرخێڵی تری لە خۆی و لەشکری کۆدەکردەوە پێش ئەوەی لەشکری شاعەباس وا زۆربن و بەرەنگاری ببنەوە و بەوجۆرە ئەنجامی هەوڵەکانی سەرکردەی نەبەردی وەک خانۆ ئاوا دڵ تەزێن نەدەبوو.

تێبینی: ئەم بابەتەم لە پەیجێکی عەشیرەتی برادۆست وەرگرت، بەداخەوە هیچ ناو نیشان و ناوێکی لەسەر نەبوو، ئینجا بەشێکی بۆچونەکانی کە دیارە قسە لەسەر دەقێکی ئەدەبی دەکات لە بەرگی رۆماندا، بەلام من بۆیە بەشی زۆری ئەم نوسینەم لێرەدا بلاوکردۆتەوە، کە مەبەستمە قولتر لە ئازایەتی و مێژوویی تێکۆشان و بەرخودانی برادۆستیەکان بوەستم، دەست خۆشی لەم بەڕێزە دەکەم، کە پرۆژەیەکی لەم جۆرەی هەیە بۆ نوسین و رۆشن کردنەوەی لایەنە مێژوویەکانی ئەم بەسەرهاتە..

لەلایەکی دیکەوە لەم بابەتە وشەی دەم دەم، بەکارهاتووە، کە راستیەکەی لەسەر زمانی خەڵک بە دم دم

ناسراوە، ناوە راستیەکەی چۆن بووە، ئەوا مێژوونوسان باشتر دەزانن.

- شەڕی دمدم شەڕێک بوو لەنێوان سەفەوییەکان و کوردە سوننەکانی دەوڵەتی عوسمانی (برادۆستیەکان)، شەڕەکە لە تشرینی دووەمی ١٦٠٩ دەستی پێکرد وە لە هاوینی ١٦١٠ کۆتایی هات، بەپێی سەرچاوەکان شەڕەکە لە ناوچەی برادۆست لە زەریاچەی ورمێ ، لە بەرەی کوردەکان ئەمیر خانی لەپ زێڕینی برادۆستی سەرکردە بووە و لە دژی ئەوانیش شا عەباسی سەفەوی و حاتەم بەگ سەرکردەی بەرەی سەفەوییەکان بوون تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی زانستی ئاماری کوژراوانی وەک خۆی پشت راست نەکردۆتەوە.

# بەشی دووەم:

# تورکیا لە برادۆست

**قسەیەکی کورت:**

هـــاتنی ســـوپای تورکیـــا بـــۆ نـــاوچەی برادۆســـت، مەترســـــیەکی گەورەیە، دەبێـــــت بەشـــــێوەیەکی وردو ئامادەکـاریەکی بـاش، روبەروی پلانەکـانی تورکیـا ببینـەوە، کورد زیـانێکی گەورە دەکات ئەگەر سـوپای تورکیـا پێگەی لە برادۆســـت دابکـــوتێ. لێـــرەدا ئەم هەواڵ و راپـــۆرت و زانیاریـانە بڵاودەکەینـەوە کە لە میـدیای کـوردی و ناوەنـدە کوردیەکـــان دەســـتمان کەوتـــون، وێـــڕای دڵســـۆزی و خەمخـۆری، بەڵام هێشـتا کـاری وردتـرو پـڕ زانیـاری تـرو گرنگـی تـری پێویسـتە. ئینجـا زانیـاری و نەخشـەو پلانـی تورکیـــاو دەزگـــا هەواڵگـــری و ســـوپایەکەی نـــازانین، کە ساڵانێکی زۆری دەوێت تا ئاشکرا دەبن. مەگەر خودا خۆی بزانێت چ جـۆرە نەخشـەیەک و پلانێکیـان لەژێـر سـەردایە؟. باشـترین نمـونە کەرکـوکە، نەخشـەی سـەردەمی ئینگلیـزی هەیە کە شاری تکریت بەشێکە لە کوردستان، بەڵام عەرەب کـارێکی کـردووە، خورمـاتوو، کەرکـوک، موصـڵ، شـەنگال، خـــانەقین و مەنـــدەلی، تـــا نزیـــک چەمچەمـــاڵ و قوشـــتەپە بەمـــولکی خـــۆی دەزانێـــت، ئەمەم لە رەگەزپەرســـتی و

نەتەوەپەرستی نیە، بڕواشم پێی نیە، بابەتەکە ئێمەی کورد نین، بابەتەکە بەرامبەرەکانی ئێمەن کە بەداخەوە عەقڵیان لای ئەوەیە بمانسڕنەوە، زۆر لەوە زیاتر لەتوپەتمان بکەن، خاکمان داگیربکەن، بۆیە دەبێت هەڵوەستەی جدی لەسەر هاتنی تورکیا بکرێت بۆ ناوچەی برادۆست و نابێت تەنها لە شەڕی پەکەکە و تورکیادا بچوک بکرێتەوە. وەک چۆن لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسم کردووە لێرەش دوپاتی دەکەمەوە کە بنکەی سەربازی و جەنگ ناتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، رابردوو سەلماندوویەتی، دەبێت بەهەموومان پشتیوانی چارەسەری ئاشتی و سیاسی و دیموکراسی بین. بیر لەوە بکەینەوە دەستور سەنگەری بەرگریمان بێت، نەک بنکەی سەربازی. ئەوەی بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی جەنگ و کاولکاری هەوڵ بدات، پێویستە لەهەموو لایەکەوە کۆمەکی بکرێت، چونکە هەنگاو بەهەنگاو دەتوانین داهاتوو باشتر بین، نەک هەر دووبارەکردنەوەی جەنگەکان.

*****

برادۆست سێگۆشەی سێ وڵات بەیەک دەبەستێتەوە عێراق و ئێران و تورکیا، لە سالی ١٩٣٢ بە فەرمیی بە ناحیەی برادۆست ناسێندراوە، دواتر ناوەکە گۆردراوە بۆ سیدەکان لە سالی ١٩٧٥، رێژەی دانیشتووانی برادۆست سەرووی٢٠هەزار کەسە سەر بەقەزای سۆرانە

برادۆست بەهۆی شەرو ئالۆزی خزمەت گوزاری کەمی بۆ کراوە، هاتنی سوپای تورکیاو شەڕی نێوان پەکەکەو تورکیا وایکردووە کە: ١٠٤ گوندی چۆڵکراون، تەنیا لەماوەی سێ ساڵی رابردوو(٢٠١٧–٢٠٢٠) سەرووی ٣٠٠٠هەزار دۆنم پووش پاوان و دارستان سوتاوە. ژینگەی ناوچەکە وێران بووە.

بە هەزاران باڵندەی خشۆک لەناو چوە، وێڕای دەیان ئاژەڵی دەگمەن و کێوی تر.

## -کۆمەڵکوژیەکی سوپای تورکیا:

لەساڵی ١٩٩٧ فڕۆکەجەنگییەکانی تورکیا گوندی بوزێنە لە سنووری برادۆست بۆردمان کردووە ، بەوهۆیەوە ٥ هاولاتی شەهید بوون و ٤ هاولاتی تریش بریندااربوون.

لەلایەکی دیکەوە، جارێکی دیکە تورکیا کۆمەڵکوژی هاولاتیانی مەدەنی کوردی کرد لە برادۆست لە ١٥–٨–٢٠٠٠، کاتژمێر ٤،٣٠ چوارو سی خولەکی دوای نیوەڕۆ، فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا کوێستانی خنێرە لە کەندا کۆڵ بۆردومان کرد لە دەڤەری برادۆست سنووری ناحیەی سیدەکان ، بەوهۆیەوە ٣٠ هاولاتی شەهید بوون ، کە بەشی زۆری ژن و منداڵ بوون.

ناوی شەهیدەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١-محمدعلی عزیز ابراهیم

٢- فاتـــم نبـــی قـــادر

٣- بێریتان محمدعلی عزیز

٤-بـەهـار اسـعد مـیکایل

٥-گـەلاوێژ سـمایل مجید

٦- فـرزنده شـاکر دێوانـه

٧-بـــەیاز ابراهیـم جـادر

٨- بـــەسێ ابراهیم جادر

٩- خـــەڵات قـادر محمد

١٠-سامــه محـــێ ئـەویاز

١١-فاتم سێودین عبدالرحیم

١٢- پـــەیمان قـادر شاین

١٣- ڕێـــزان قـــادر شاین

١٤- ڕانـــیه قـادر شـاین

١٥- ســـەمیر محـــێ شاین

١٦- فاتـمه حسـن حسێن

١٧- هــدیه ملا حسن سوار

١٨- فاتـــم رحمـان تمو

١٩- نجات معــن ئـــاودل

٢٠- خـدیجـه معین ئاودەل

٢١-بختيـار حەجاج ئاودەل

٢٢-فخـــری بـــاقی علی

٢٣- دڵـنـــاز فخری باقی

٢٤- شـــهناز فخـری باقی

٢٥-جــواد فخــری باقــی

٢٦-ســورمێ عمـر عــلی

٢٧-زوهــره سـعيد شێخو

٢٨- فەيرۆز عمر محی الدين

٢٩-مـحـمـد اسـعـد فيزالله

٣٠-فاتـــم اسعد فيزالله

***

## سوپای تورکیا هیلالێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان دروستدەکات [8]

لە ساڵی ١٩٩٤سوپای تورکیا لەهەرێمی کوردستان، هێمن هێمن بنکەو بارەگاو ناوەندی سەربازی خۆی پەرەپێدەدات، هیلالێکی تورکییان لە شاخ و دۆڵ و چیاکانی کوردستان دروستکردووە.

لە ساڵانی نێوان ١٩٩٤ - ٢٠١٥ دەوڵەتی تورکیا بە دەیان بنکەی سەربازی و ناوەندی کۆکردنەوەی زانیاری لە چەندین وڵاتی ناوچەکە و ئەفریقیا بەبیانووی جیاواز دروستکردووە، کە تیایدا پشکی شێر بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت. بە گوێرەی دەزگاکانی چاودێری و راگەیاندن، دەوڵەتی تورکیا نزیکەی ٢٠ بنکەی سەربازی دروستکردووە.

بەبیانووی جیاواز، هەردوو کۆماری تورکیا و ئیسلامی ئێران، لەناو خاکی عێراقدا پێگەی خۆیان داکوتاوە، لە رووی سیاسیەوە، عێراقیان کردۆتە سێ بەش. کە تیایدا ئێران لەناوچە شیعە نشینەکان و بەغدا کە زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق تیایدا دەگیرسێنەوە، هەژموونی

---

[8] بۆ خوێندنەوەی تەواوی زانیاریەکان بگەرێوە بۆ ماڵپەری (www.peyserpress.com پەیسەرپرێس) راپۆرتی: سوپای تورکیا هیلالێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان دروستدەکات.

سەربازی و سیاسی خۆی دروست کردووە. هەروەها تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا پێگەی سەربازی و ئەمنی خۆی بونیادناوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، بەتایبەتی بەهۆی قوڵبوونەوەی قەیرانی سوریا، دەوڵەتی تورکیا دەیان بنکە، سەربازگە و ناوەندی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە، کە کۆی هەموویان دەگاتە نزیکەی ٢٠ ناوەند. سەرەڕای دەربڕینی ناڕەزایی هەندێک لایەنی سیاسی، مافپەروەران و چالاکوانان، تورکیا درێژە بەم ستراتیژیە دەدات.

## تورکیا و ئێران یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل دەکەن

بە گوێرەی ماددەی ٥١ لە رێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆیان هەیە لە رێگای جوڵاندنی هێزی سەربازی بچنە ناو خاکی وڵاتانی دراوسێ ئەگەر بێت و وڵاتی دراوسێ سەرچاوەی هەڕەشە بێت.

لەلایەکی دیکە هەر بە گوێرەی ماددەی ٥١ لە رێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ رێگرتن لە بەکارهێنانی هێز، بە پشت بەستن بە بڕگەی دووەمین،

هەمـــــوو ئەنـــــدامێکی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان مـــــافی بەرگریکردنیـــان لەخۆیـــان هەیە، پێویســـتە لە ئەگەری لەم شـــێوەیەدا ئەم دەوڵەتەی تووشـــــی هەڕەشـــــە دەبێـــت ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نێـودەوڵەتی ئاگـادار بکـاتەوە، بـۆ ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست وەربگرێت.

بەڵام لەم سـاڵانەی دوایـی دەوڵەتـی تورکیـا رووبەڕوی هــیچ هێرشــێکی چەکــداری نەبــۆتەوە لەســەر ســنووری رۆژهەڵاتـــــی وڵاتەکەی. جــــگە لەمە دەســـــتێوەردان و دروستکردنی بنکەی سەربازی تورکیا لەناو خـاکی هەرێمی کوردستاندا پێشێلکاریە، چونکە لەسەر بنەمای رێککەوتن و گرێبەست لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی نەکراوە، بەو پێیەی حکــومەتی هەرێمــی کوردســـتان ملکەچــی ناوەنـــدە لەو مەســـەلانەی پەیوەســـتن بە ســـتراتیژی دەرەکـــی، چـــونکە لەوانەیە هەبوونی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا شــەڕی لێبکەوێــتەوە، کە حکــوومەتی هەرێمــی کوردســـتان ناتوانێت لەمبارەیەوە بە تەنیا بڕیار بدات.

لە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە هەوڵێکدرا بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیارێک بۆ کردنە دەرەوەی هێزەکانی تورکیا دەربکات، بەڵام ئەو هەوڵە بێ ئاکام بوو، پەرلەمانتارەکان ئەوەیان خستبووە روو کە بوونی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستوری عێراق

و یاسای نێودەوڵەتییە، هەروەها پێچەوانەوەی بڕیاری پێشووتری پەرلەمانی کوردستانە کە ساڵی ٢٠٠٣ دەریکردبوو بۆ چوونە دەرەوەی هێزەکان لە خاکی هەرێم.

لەگەڵ ئەوەی تورکیا ژمارەیەکی زۆر بنکەو پێگەی سەربازی هەیە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام لە ١٢ ساڵی رابردوودا بۆردومانی سوپای ئەو وڵاتە بۆ سەر هەرێم بە چڕی بەردەوام بووە، بۆردومانەکان زیانی گیانی و ماددی زۆریان لێکەوتوەتەوەو ژیانی خەڵکانێکی زۆری مەدەنی بەهۆیەوە شێواوە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ئێستا بۆردومانی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە چڕی بەردەوامە، جەبار یاوەر ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەدوای شەهیدبوونی پێنج هاوڵاتی شیلادزێ و سوتانی بارەگایەکی سوپای تورکیا لە ناحیەکە، رایگەیاند، بۆمباران و تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان زیانی زۆری لێکەوتووەتەوە لەناوچەیەکەی فراوان کە درێژیەکەی زیاترە لە ٧٠٠ کم وە هەم بووەتە هۆکاری روخان و چۆڵکردنی گوندەکان و رووخاندنی خەستەخانە، خوێندنگاکان، رێگا و بانەکان، پرد، شەهیدکردنی خەڵکیشی لێکەوتووەتەوە. بەگوتەی ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەی چوارساڵی رابردوو بەدیاریکراوی لە ١-١-٢٠١٥ وە

تاکو ٣١-١٢-٢٠١٨ تاکو ئێستا حکومەتی تورکیا ٣٩٨ جار لە ڕێگـای فـڕۆکەوە بۆردوومـانی نـاوچە سـنووریەکان و گوندەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە، جگە لەوەش ٤٢٥ جار بە هۆی تۆپخانەوە بۆردوومانی سنوورەکانی هەرێمی کوردسـتان و هەرێمـی کوردسـتانی کـردووە کە تـا ئێسـتا زیـاتر لە ٢٠ کەس لە هاووڵاتیـانی بـێ تـاوان لەو گونـدانە گیانیـان لە دەسـت داوە، وە ٢٨٨ لە گونـدەکانی سـنووری بۆردوومان کردووە.

## یەکەم بنکەی سەربازی تورک لە هەرێمی کوردستان

بەگوێرەی پەرتووکی (Yarasa Operasyonu) کە لە ١ کـانوونی یەکەمـی ٢٠٠٧ لەلایەن جەنەڕاڵـی خانەنشـینی تـورک (میـتحەت ئیشـق) نووسـراوە، یەکەمـین بـنکەی سـەربازی تورکیـا لە سـاڵی ١٩٩٤ لە پیرمـام کە ٢٥ کـم لە هەولێـــر دوورە دامەزراوە. ئەم جەنەڕاڵە خانەنشـــینە، کە سەرپەرشـــتی ئۆپەراســـیۆنی دەســـتگیرکردنی (شـــەمدین ساکک) سـەرکردەی دیـاری پەکەکەی کـردووە لە هەرێمـی کوردسـتان لە پەرتووکەکەیدا چەنـدین وێنەی خـۆی لەگەڵ سـەرکردەکانی لایەنێکـی کـوردی لە پیرمـام بڵاوکـردۆتەوە، دەڵێـت:" هێزێکـی تـایبەت کە ژمارەمـان ١٠٠ کەس بـوو لە پیرمام جێگیربووین".

## بنکەکانی سوپای تورکیا لەناو هەرێمی کوردستان

لە ساڵی ١٩٩٧ تورکیا بنکەی "بامەڕنێ"ی دامەزراند، کە گەورەترین بنکەی سەربازی تورکیایە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بنکەی سەرەکی لۆجستیکی سوپای تورکیایە. شوێنی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەری سەربازی بار هەڵگری تیادا دروستکراوە. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆری تانک و زرێپۆش لێ جێگیرکراوە.

لە رووی گەورەبوونیەوە، بنکەی "بەعشیقە" کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری موسڵ، لەدوای بامەڕنێ بە دووەمین بنکە دادەنرێت کە هێزەکانی تورکیا تیایدا گیرساونەتەوە. ئەم بنکەیە لە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن سوپای عێراق دروستکراوە. دوای رووخانی رژێمی سەدام ئەم بنکەیە خاپوور و چۆڵکرا. دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش، هێزەکانی سەر بە (ئەسیل نوجەیفی) پارێزگاری پێشووی موسڵ لەم بنکەیەدا بۆ ماوەیەک مانەوە. سوپای تورکیا لەسەر داوای (ئەسیل نوجەیفی) بەبیانووی پەروەردەکردنی هێزە سوننەکان هاتە بەعشیقە، کەرەستەی سەربازی، یەکەی تۆپهاوێژی جێگیرکرد. پێشبینی دەکرێت دوو هەزار سەرباز و ئەفسەری تورک لە بەعشیقە هەبێت.

هەروەها بنکەی گرەبی لە باتوفە سەر بە زاخۆ کە ٢٠٠ سەربازی لێ جێگیرکراوە لەگەڵ کەرەستەی سەربازی. بە سێیەمن بنکە لە رووی گەورەیی و بەرفراوانی دادەنرێت.

بنکەی کێرێ بێرۆخا لە کانی ماسی، لە رووی چاودێری سەربازی و زانیاری دانە فڕۆکەکان بایەخدارە. چونکە ئەم بنکەیە لەسەر خاڵی سفر لە نێوان سنووری باکووری کوردستان و هەرێمی کوردستان دامەزراوە. بەگوێرەی زانیاریەکان دەزگای هەواڵگری تورک و جەندرمەی تورک تۆڕێکی سیخوڕیان لە هەردوولای سنوور دروستکردووە، ئەم بنکەیە دەتوانێ لە رێگای ئەم زانیاریانەی پێیدەگات، رێوشوێنی سەربازی بگرێتەبەر. جگە لەوە یەکەی تۆپهاوێژ لەم بنکەیدا جێگیرکراوە. پێشبینی دەکرێت زیاتر لە ٣٠٠ سەربازی تورک لەم بنکەیەدا هەبێت.

هەروەها سوپای تورکیا چەند قەرەقۆڵێکی سەربازی لە نزیک ئەو بنکانە دروست کردووە کە ئەمانەن:

بێگۆڤا (گرێ بیێ)، سێرێ (شێلادزێ)، سیرێ(شیرەتێ) کۆبکێ، کوخێ سپی، دەریا داوەتا، چیای سەر زیزێ، شارەدێی زیلکان، سنکی لە (سۆران) و سەربازگەی گەلی زاخۆ.

سوپای تورکیا لە کۆتایی ٢٠١٧ و بەهاری ٢٠١٨ لەناوچەی برادۆست وخواکورک چەندین شوێنی ستراتیژی

گرتووە کە ئەمانەن: چیای لێلکان، ئەودال کیوی، چیای ڕەشەمار و گوندی هێرشمێ، گردێ کەوێت کە بەسەر دەشتی حەیات و دەشتی هێرتێ دەڕوانێت، چیای کتکین و گردی گۆرەز.

بەگوێرەی هەندێک ئاماری نافەرمی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار سەربازی تورک لەم بنکانە دەمێنێتەوە. سوپای تورکیا لە هەندێک بنکەی ناو هەرێمی کوردستاندا، پەروەردەی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە. لە ساڵی ٢٠١٥ ئەحمەد داودئۆغڵو سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا سەردانی بنکەی قەزای سۆرانی کرد، کە ژمارەیەک پێشمەرگە لەسەر دەستی ئەفسەرانی تورک پەروەردە دەکران.

## ناوەندەکانی هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاری بەسەرپەرشتی (MİT)

جگە لە بنکە سەربازییەکان، چەند ناوەندێکی هەواڵگری تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە. کە زۆربەیان دەکەونە دهۆک و دەوروبەری:

ناوەندی (MİT) لەناو جەرگەی شارۆچکەی ئامێدی.

ناوەندی (MİT) لە باتوفا

ناوەندی (MİT) لەناو شارۆچکەی زاخۆ.

ناوەندی (MİT) لە شاری دهۆک لە گەڕەکی گریێ باسێ

ئەوەی دەردەکەوێت، سوپای تورکیا بنکە سەربازیەکانی لەنــاو هەرێمــی کوردســتان لە نزیــک ســنووری ئێــران تــا ســنووری ســوریا لەســەر جوگرافیــایەکی دامەزرانــدووە کە شێوەیەکی نیمچە هیلالی هەیە. ئەمەش نیاز و ئامانجەکانی تورکیــا نیشــان دەدات. هەرچەنــدە تورکیــا بە بیــانووی هەبوونی گەریلاکانی پەکەکە لەم ناوچەیە رەوایەتی دەداتە جموجۆڵە سەربازیەکانی، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی زانستی سەربازی ناوچەکانی هەبوونی سوپای تورکیا بخوێنینەوە، دەگەیــنە ئەو ئەنجــامەی کە ســوپای تورکیــا دەخوازێــت هەنگــاو بە هەنگــاو رووبەری نێــوان بنکەکــانی بخــاتە ژێــر دەستی خۆیەوە. بەتایبەتی لە بڵاوەپێکردنی سوپای تورکیا لە نــاوچەی دەشــتی هێرتــێ و حەیــاتێ ئەمە بە زەقــی دەبیندرێت. دوای دروستکردنی قەڵایەکی سەربازی لەسەر چیــای لێلکــان لە پــایزی ٢٠١٨، دوورنــیە ســوپای تورکیــا بەرەو بەرزاییەکــانی ســەر شــارەدێی ســیدەکان پێشــڕەوی بکات و دەشتی هێرتێ و حەیاتێ بکاتە ناوچەیەکی تامپۆن.

سوپای تورکیا یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٨٣ دەستی بە ئۆپەراســیۆنی ســەربازی لەدژی گەریلاکــانی پەکەکە لەنــاو خــاکی هەرێمــی کوردســتان کــرد بە نــاوی (ئۆپەراســیۆنی

چـــاودێری گەرم). ئۆپەراســـیۆنی دووەم لەســـاڵی ١٩٨٤، ئۆپەراسیۆنی سێیەم لەساڵی ١٩٨٦، ئۆپەراسیۆنی چوارەم لەســـاڵی ١٩٨٧، ئۆپەراســـیۆنی پێـــنجەم لەســـاڵی ١٩٩٢، ئۆپەڕاسیۆنی شەشەم لەساڵی ١٩٩٥، ئۆپەڕاسیۆنی حەوتەم لەســالی ١٩٩٧ و ئۆپەڕاســیۆنی هەشــتەم و نــۆیەمیش لە ســاڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ لە خـاکی هەرێمـی کوردســتان لەدژی گەریلاکانی پەکەکە ئەنجامدراون. هەرچەندە تا ساڵی ١٩٩٢ ئۆپەراسـیۆنەکانی تورکیـا لەنـاو خـاکی هەرێمـدا بەردەوام بـوو، بەڵام دواتـر تورکیـا سـتراتیژی خـۆی گـۆڕی و لەنـاو خاکی هەرێمی کوردستاندا دەسـتی بە دروسـتکردنی بـنکەی سـەربازی و هەواڵگـری کـرد. لەو چوارچێـوەیەدا تـا ئێسـتا نـزیکەی ٢٠ بارەگـای سـەربازی و هەوڵگـری ئاشـکرای لە دەڤەری بادینـــان هەیە و لەوێـــوە هێـــرش دەکـــاتە ســـەر گەریلاکـانی پەکەکە(پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان). سـوپای تورکیا ساڵی٢٠١٨ ستراتیژی شەڕی گۆڕی سـوپای تورکیـا پێشتر ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئاسمانی ئەنجامدەدا و دوای مـاوەیەک لە هەرێمـی ئۆپەراسـیۆنەکە دەکشـایەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ەوە سوپای تورکیا ستراتیژی خۆی گۆڕیوە بە شێوەیەک کە هەموو ڕۆژێک هێرشە ئاسمانیەکانی بۆ سـەر گەریلاکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردسـتان دەبینرێت و نـاو بە نـــاو شـــوێنێ نیشـــتەجێبوونی هاوڵاتیـــانی مەدەنـــیش بووردۆمان دەکات

بە تــوێژینەوەیەکی دەزگــای ســتاندەر لە ژێــر نــاوی، ســـتراتیژیەتی فراوانخــوازی تورکیــا، بــاس لەو سیاســەتی پــاوانخوازی تورکیــا دەکــات لەنــاوچەکە و ژمــارەو شــوێنی بـــنکەو ســـەربازگەکانی تورکیـــا لەدەرەوەی ســـنورەکەی ئاشکرا ئەکات..

١- هێزەکــانی تورکیــا لە دەرەوەی وڵاتەکەی.. وڵاتــی تورکیـــــا لەدوای ســــــاڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بیـــــری لەوە کردووەتەوە، کە چۆن بتوانێت کۆمەڵێک بنکەی سـەربازی لە جۆرەکـانی وشـکانی و دەریـایی و ئاسـمانی لە دەرەوەی تورکیـا دابمەزرێنێـت، تورکیـا ئەم خەونەی کـردە واقیـع و تـوانی بـنکەی سـەربازی لە چەنـد وڵاتێـک دابمەزرێنێـت کە بــریتین لەم وڵاتــانە: ١- عێــراق و هەرێــم. ٢- ســوریا ٣- سـۆماڵ ٤- قەتەر ٥- لیبیـا ٦- ئەفغانسـتان ٧- سـودان ٨- قبرس ٩- ئازەربایجان.

٢- هێزەکانی تورکیا دیفاکتۆن لە هەرێم سـەرەتای ئەو هێــزانە دەگەڕێــتەوە بــۆ شــەڕە ناوخۆییەکــان، یەکەمجــار نــاکۆکی (پ د ک)و(پەکەکە) وای کــرد حکــومەتی هەرێــم لەسـاڵی ١٩٩٢ ڕاسـتەوخۆ هاریکـاری تورکیا بکـات و شـەڕ لەگەڵ پەکەکە بکـات، دوای شـەڕەکانی نـاوخۆیی یەکێتـی و پارتی (بەتـایبەتی شـەڕەکەی ١٩٩٨) پەکەکەش بەبێ پاسـاو هاتە نـاو شـەڕەکە لە دژی (پ د ک) "ڕاپۆرتەکەی سـتاندەر

وا دەڵێ، بەڵام ئێمە لێرە مەبەستمان پاساوی شەڕی پارتی و پەکەکە نیەو ئەوە زیاتر بابەتێکە خۆیان دەزانن وەڵامی بدەنەوە"، ئەوەش وای کرد (پ د ک) هێزی تورکیا بهێنێ، ئیتر لەو کاتەوە هێزەکانی تورکیا لەهەرێم جێگیر بوونە، بوونیان فراوان بووە قۆناغ بە قۆناغ، بەمەبەستی دەرکردنی ئەو هێزانە، تا ئێستا سێ جار پەرلەمانی کوردستان داوای دەرچوونی ئەو هێزانەی کردووە بەڵام دەرناچن ، جگە لەوەش بەرەبەرە بونیان لەزیادبووندایە .

ئەوانەی خوارەوە پێگەی هێزەکانی تورکیایە لە هەرێم: هێزەکانی تورکیا بە هێزێکی زۆر و چەک و ئامێری جۆراوجۆری سەربازی وەک (دەبابە و حەفارە و بندۆزەر (بلدۆزەر) هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و دەیانەوێت بمێننەوە. ئێستا تورکیا زیاتر لە ١٥ هەزار سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستانە و لە چەند شوێنێکەوە ئەو سوپایە لەگەڵ پێشمەرگە هەماهەنگی دەکەن، تەنها لە سنوری دهۆک ٦٠ گوندیان داگیر کردووە. تورکیا نزیکەی ٢٥ بنکە و بارەگای سەربازی لەهەرێمی کوردستان داناوە، کە ئەمانە گرنگترینیانن: ١ -بنکەی سەربازی بەرزاییەکانی بەرمیزە، کە بنکەیەکی سەربازی گەورەیە و چەکی قورس و سەربازی لێجێگیرکراوە، لەوێوە تورکیا چاودێری ژمارەیەک ناوچەی تر دەکات. ٢- بنکەی سەربازی چیای

کـتکن. ٣- بـنکەی سـەربازی ئـاودەل کێـوی. ٤- بـنکەی سەربازی چیاکەوێت، ئەم بنکە سـەربازییە بەرامبەر چیای کەتکین و گەلـی مەخـارە و بەنێوهەردوو چیاکەدا دەروات. ٥- بنکەی سـەربازی چیا دیڵ. ٦- بنکەی سـەربازی چیای شەکیو. ٧ - بنکەی سـەربازی باتوفە ٨ -بنکەی سـەربازی کـانی ماسـی ٩ -بـنکەی سـەربازی بـامەرنی ١٠ - فرۆکەخانەی سەربازی بامەرنی کە فرۆکەی سـەربازی لـێ جێگیرکـراوە ١١ -بـنکەی سـەربازی سـنکێ ١٢-بـنکەی سـەربازی بیگۆڤا ١٣-بنکەی سـەربازی گەلـی زاخـۆ ١٤- بنکەی سـەربازی شـیلادزە ١٥-بنکەی سـەربازی شـیرتی ١٦-بنکەی سـەربازی کوپکێ ١٧-بنکەی سـەربازی قومری لە بەرواری ١٨- بنکەی سەربازی کوخی سپی ١٩ -بنکەی سەربازی دەرێی دواتیا ٢٠ -بنکەی سـەربازی سـەرزێر ٢١ -بنکەی سەربازی زێلکان ٢٢ -بنکەی سەربازی ئامێدی ٢٣ -بنکەی سەربازی باتوفە ٢٤ -بنکەی سـەربازی باشیک کە لەساڵی ٢٠١٥ هاتوون و ژمارەیان دووهەزار سەربازە.

❊❊❊❊

## پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی تایبەت لەسەر سوپای تورکیا بڵاودەکاتەوە

ئەو لیژنانەی پەرلەمانی کوردستان رایسپاردن بۆ بەدواداچوونی زیانی شەڕی سوپای تورکیا و پارتیی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، راپۆرتەکانیان تەواوکرد و دەرکەوتووە تورکیا بە قووڵایی ١٥ کیلۆمەتر خاکی باشووری کوردستانی بەزاندووە و زیاتر لە ٥٠٠ گوندیش لە ترسی شەڕ چۆڵکراون.

پەرلەمانی کوردستان لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٠چەند لیژنەیەکی بۆ بەدواداچوونی رەوشی ناوچە سنووریەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی بۆ زانینی زیانی بۆردوومان و تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران راسپارد. لیژنەکان چوونەتە ناوچە جیاوازەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، دهۆک و شنگال.

لە ماوەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی تورکیا لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیران دەستیپێکردوون ٥٠٤ گوند چۆڵکراون و لە ماوەی شەڕی ٢٨ ساڵەی تورکیا و پەکەکەشدا ٥٠ هاونیشتمانی سڤیل شەهیدبوون.

**راپۆرتی لیژنەکان بەپێی سنووری پارێزگاکان بەمشێوەیە:**

**پارێزگای هەولێر:**

- لە ٧٣ گوندی سەر سنوور ٥٥ گوند چۆڵکراون.
- دەیان ملیۆن دۆلار زیانی سووتانی رەز و باخ بووە.
- ١٠٤ گوندی سۆران و سیدەکان چۆڵکراون.
- ١٥ گوندی سنووری چۆمان چۆڵکراون.
- گوندەکانی زارگەلی و بۆکریسکان لە وەرتێ چۆڵکراون.
- ئێران بەربەستی هاتووچۆی بۆ خەڵکی گوندەکان دروستکردووە.

**پارێزگای سلێمانی:**

- هێرشی کونەماسی لە ٢٥ی حوزەیراندا بووەتە هۆی بریندداربوونی ٧ کەس و ٢٥ ملیۆن دینار زیانی ماڵیی هەبووە.
- زیانی خزمەتگوزاریی گشتی لەسەر کارەبا و رێگەوبان هەبووە.

**ئیدارەی راپەڕین:**

- بەزاندنی سنوور لەلایەن ئێرانەوە لە کێلێ و جاسووسان
- پێشێلکردنی رێککەوتنی ساڵی ١٩٧٥

**قەزای ماوەت:**

- وێرانبوونی بنکەی تەندروستیی گوندی سەفرە.

- زیانی هێڵی سەرەکیی کارەبای گوندەکە .

- رووخانی زۆربەی خانووەکانی گوندەکە.

**پارێزگای دهۆک:**

**زاخۆ:**

- بەزاندنی سنوور پانی ٤٠ کیلۆمەتر و قووڵایی ١٥ کیلۆمەتر لەلایەن تورکیاوە.

- ٦٦٦ تۆپ و ٧٠ مووشەک ئاراستەی گوندەکان کراون.

- لە ٢٨ ساڵدا ٥٠ کەس کوژراون و دەیانیش بریندار بوون.

- ١٨ بارەگای تورکیا لە سنووری گوندەکانی زاخۆ دانراون.

- ٢٥ گوندی شارۆچکەی دەرکار تۆپباران کراون.

- ٢٠٠ جووتیار ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان.

- ١٣ گوندی باتیفا بۆردوومانکراون و ٢٧ گوند چۆڵکراون.

- بەگشتیی ٤٠٠ خێزان زیانمەند بوون.

**ئامێدی:**

- چۆڵکردنی ١٩٨ گوند لە ٣٤٨ گوندی قەزاکە.

- ٤ كەسی سڤیل شەهید بوون و ٢٨ كەسیش بریندار.
- ٨٠%ی گوندەكانی چەمانكێ چۆڵكراون.
- ٦ گوندی كانی ماسێ و بەرواری باڵا چۆڵكراون.
- ئاوارەبوونی زیاتر لە ٢٥٠٠ خێزان.
- چۆڵكردنی ٨٥ گوند لە كۆی ٩٢ گوندی شیلادزێ.
- چۆڵكردنی ٤٢ گوندی دێرەلووک لە كۆی ٥٦ گوند.
-.چۆڵكردنی ٢٤ گوندی دینارتە لە كۆی ٩١ گوند.
-.٩ كوژراو و ٢١ بریندار لە ٢٤ ساڵدا.

**پارێزگای هەڵەبجە:**

- بەربەستی ئێران لەبەردەم جووتیارانی هەورامان.
- پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەكانی ناوچەكە.

لیژنەكانی پەرلەمان چەند راسپاردەیەكیشیان داوەتە پەرلەمان، لەوانە:

- هاوئاهەنگیی عێراق و هەرێمی كوردستان بۆ پاراستنی سنوور.
- راسپاردنی حكومەت بۆ لێكتێگەیشتنی سیاسی لەگەڵ هێزی پارچەكانی دیكەی كوردستان.
- زیادكردنی هێزی پاراستنی سنوور (كوردزمان).
- راسپاردنی حكومەت بۆ دانوستاندنی قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتووان.

*****

## بۆردومانەکـــانی تورکیـــا و ئێـــران لە سەرســـنوور لە کوردستانی عێراق ٢٠١٧-٢٠١٩

سی پی تی چەندین بۆردومانی بە دۆکیومێنت کردووە کە لە لایەن هەر دوو ســـــوپای تورکیـــــا و ئێـــــرانەوە ئەنجامـــدراون دەرهەق بەو خێزانـــانەی لە گونـــدەکان و نشـــینگە وەرزییەکانـــدا دەژیـــن بەدرێژایـــی ســنوورەکانی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران. بۆردومانەکانی تورکیا و ئێران پەرەسەندنیان بە خۆوەبینی لە ماوەی رابردوودا، کە بـوونەتە هـۆی کوشـتن و برینـداربوونی چەنـدین کەسـی سیڤیل، هەندێک لەوان ڕاستەوخۆ بەئامانج گیراون. سی پی تـی و هاوبەشـەکانی بـانگەواز لە حکومەتەکـانی تورکیـا و ئێـران وعێـراق و کوردسـتانی عێراق،هەروەهـا، گـروپە چەکـدارییەکانی بەرگریـی- مقـاوەمەت دەکەن، کە بچـنە دانوسـتانە دیپلۆماتییەکـانی ئاشـتییەوە وەک ئامرازێـک بـۆ چارەسەرکردنی ململانێ لە ناوچەکەدا.

مـاوەی زیـاتر لە ٣٠ سـاڵە، حکومەتەکـانی تورکیـا و کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دەسـتیان داوەتە هەڵمەتێکـی بۆردومـانکردن لە سـەر سـنوور دژی چەنـد گروپێکـی چەکداریی کە لەناو کوردستانی عێراقدا چالاکن. گروپەکـان لەوانە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان "پەکەکە" و حزبـی دیموکراتی کوردستان- ئێران.

ململانێ چەکدارییەکان، هەروەها بۆردومـانی بەردەوامـی کوردسـتانی عێـراق، بە سـەختیی کاردەکـاتە سـەر ژیـانی گوندنشـین و جڤـاتە کۆچەرییەکـان. دەیـان سـاڵ لە جەنـگ بەردەوامە لەسـەر ئەوەی ببێـتە هـۆی زیانگەیانـدن بە مەڕومـاڵات و زەوی و زار و برینـداریی و مەرگـی خەڵکـی سیڤیل.

## برینداریی و مەرگ

بۆردومانەکانی تورکیا و ئێران کۆتاییان هێنا بە ژیـانی زۆرێـک لە خێزانەکـان لە کوردسـتانی عێراقـدا. کەچـی هەر دوو حکـومەتی تورکیـا و ئێـران نکـۆڵیی دەکەن لەوەی ئەو هێرشـانە خەڵکـی سـیڤیل بەئامـانج دەگـرن، سـی پـی تـی چەنـدین حـاڵەتی دۆکیومێنـت کـردووە کە دەیسـەلمێنن ئەم نکۆڵییە ڕاست نییە.

لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە، بۆمبارانە ئامانج گرەکانی تورکیا و ئێـران پەرەیـان سـەندووە، و بەرکەوتـووانی سـیڤیلیش بەردەوام لە زیادبووندایە.

لە ٢٨ ی حـوزەیرانی ٢٠١٨ ، سـوپای تورکیـا گوندنشـینەکان و منـداڵەکانیانی بە ئامـانج گـرت لە نزیـک گونـدی هالانیـا. لە مەودای بینینێکـی ڕوونەوە لە نزیـک بنکەیەکـی سـەربازیی لەنـاو کوردسـتانی عێراقـدا، سـوپای

تورکیا ئاگری باراند بەسەر خێزانەکاندا ئەو دەمەی گوێزیان دەچنییەوە و کچێکی هەرزەکاریان کوشت. دونیا ڕەشید تەمەنی تەنیا ١٩ ساڵ بوو، لە ناو کۆمەڵێک منداڵدا ڕاوەستابوو کاتێک سوپای تورکیا هاوەنێکی تەقاند ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی ئەو کۆمەڵەیە، و دەستبەجێ ئەوی کوشت. ئەو کات گوندنشینان هەواڵیاندا کە سەربازانی تورک لە بنکەکەوە هاتونەتەخوارو ئەو گولە هاوەنەیان هەڵگرتۆتەوە کە دونیای کوشت و شاهیدەکانیان ڕێنمایی کردووە بڵێن پێی ناوە بە مینێکی زەمینییدا.

لە قەزای رانیە، بۆردومانی ئاسمانیی هاوشێوەی تورکیا چوار هاوڕێ و خزمی کوشت: بێژەن مستەفا،محەمەد ئیسماعیل،دەرباز محەمەد و شارۆ مەحموود. ئەو پیاوانە پێکەوە نەورۆزیان پیرۆز دەکرد لە خانووە هاوینەییەکەیان لە گوندی سەرکانی دۆڵی باڵەییان. لە ١:١٥ پاش نیوەشەوی ٢٢ ئازاری ٢٠١٨ ، فڕۆکەیەکی جەنگیی تورکیا بۆمبگەلی خستەخوارەوە بەسەر خانووەکەدا و ئەو چوار پیاوەی کوشت.

لە ٢٣ کانوونی دووەمی ٢٠١٩، لە ناحیەی دێرەلوک، فڕۆکە تورکییەکان چیای مەتین و زەوییەکانی دەوروبەریان بۆردومان کرد.ئەم بۆردومانە بۆ ماوەی زیاتر لە کاژێرێک بەردەوام بوو،چوار کەسی سیڤیلی

کوشت. دوو کەسی سیڤیلی تریش دیارنەمان پاش بۆردومانەکە، تا ئەمڕۆش سۆراخیان نەزانراوە بۆ کەسوکاریان.

هەروەها سی پی تی رووداوگەلی  دۆکیومێنت کردووە کە تیایاندا  خێزانەکان کوژراون بە بۆردومانە ئامانج گرەکان کاتێک ئەو خێزانانە تەنها بە ڕێگەکاندا ڕۆیشوون لەناو کوردستانی عێراق.

لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠١٩ دا، سوپای تورکیا موشەکێکی نا بە ئۆتۆمبێلەکەی عەبدوڵا عەلی میناوە و خۆی کوشت لەگەڵ کچەکەی ، کوردستان،و کوڕە تەمەن ١٧ ساڵانەکەی، هەریاد. هەروەها تەقینەوەکە پێنج ئەندامی تری خێزانەکەی برینداركرد لەوانە هاوژینەکەی. ئەوان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە پاش گەشتێکی ڕۆژانە بۆ زەوییەکانی خانەوادەکەیان لە گوندی ئاشقۆلکە لە نزیک سەنگەسەر. ڕاپۆرتە بەراییەکان وادەڵێن کە ئۆتۆمبێلێکی پەکەکە لە ناوچەکەدا بووە و سوپای تورکیا هێرشی کردۆتە سەر هەردوو ئۆتۆمبێلەکە.

لە ١٣ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ دا، هیمداد عوسمان کوژرا بە بۆردومانەکانی تورکیا ئەو کاتەی لە ڕێگەدا بوو بۆ گوندی خانەوادەکەی کە گوندی بەرمیزەیە لە دووری چەند میلێکەوە لە شەڕڤانانی بەرگری چەکدارانە کە لە دژی

تورکیا شـەڕدەکەن لە چیاکـانی پشـت بەرمیـزە. هیمـداد لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بوو کاتێک کوژرا و لە پاش خـۆی دایـک و بـاوکی وهـاوژینەکەی و کـوڕە سـاواکەی بەجێهێشت.

سوپاکان و داگیرکاریی هەر دوو حکومەتی تورکیا و ئێران ژمـارەیەک بنکەی سـەربازییان بنیاتنـاوە بە درێژایـی سـنوری کوردسـتانی عێـراق وەک ئامرازگەلێـک بـۆ خستنەگەڕی هێرشـەکان بۆ سـەر گروپە چەکدارەکان لەم نـاوچە شـاخاوییەدا. لە پـاڵ ئەمەشـدا، سـوپای تورکیـا شوێنگەلی پاسەوانی سەربازیی بنیاتناوە لە دەیان کیلۆمەتر لەودیـو سـنوورەوە بۆ نـاو کوردسـتانی عێراق. بـاس لەوە کـراوە کە زیـاتر لە ١١٠ گونـد لە کوردسـتانی عێراق لە بـن داگیرکـاریی سـەربازیی تورکیـادا دەژیـن. گوندنشـینەکان و جوتیـارە کۆچبەرەکـان هەواڵـی ئەوەیـان داوە کە ئەوان نـاتوانن بـڕۆن بـۆ کێڵگەکانیـان بەهـۆی ئەم بـوونە سـەربازییەی تورکیـاوە. هاوبەشـێک گونـدەکەیانی بە بەندیخانە چوواند و وتـی،" ئێمە نـاتوانین بڕۆین بۆئەوەی ئاگامـان لە کێڵگەکانمـان و ئاژەڵەکانمـان بێت. ئێمە نـاتوانین بڕۆین بۆ زەوییەکەمان." لەپاڵ ئەوەدا کە نەتوانن بڕۆن بۆ سـەر زەوییەکانیـان، گونـدییەکان لە بـن داگیرکـاریی سەربازیی تورکیادا لێیان دەدرێت بە هێرشەکانی تۆپخانە و

هـاوەن.بوونی بـنکە تورکییەکـان لە نزیکییەکـی زۆرەوە لە گوندەکان ململانێکەی لەگەڵ پەکەکەدا نزیکتر کردۆتەوە لە خەڵکـی سـیڤیل. لە ٧ ی حـوزەیرانی ٢٠١٩ دا، پێکـدادانێکی چەکداریی لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" و سـەربازە تورکەکـانی جێگیـر لە دیـدەبانییەکی سـەربازیی نزیک لە زاخۆ هەڵگیرسا. وەک وەڵامدانەوە، سوپای تورکیا فڕۆکە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاراستەکراو نارد بۆ بۆمب بارانکردنی گردەکان و دۆڵەکانی دەوروبەر. خێزانێک کە لە نـاوچەکە هەڵهـاتبوو بە هێرشـێکی ئاسـمانیی لێـی درا، و بۆمبەکـــانیش پـــارچەی کوشـــندەیان بە سەرتاســـەری ناوچەکەدا لە هەوادا بڵاوکردەوە. کاریگەرییەکە بووە هۆی ئەوەی پەنجەرەکان لە گوندەکانی دراوسێ بشکێن.

## ئاوارەبوون

لەگەڵ بەردەوامبوونی هەر دوو سوپای تورکیا و ئێران لەسـەر بۆردومـانکردنی نـاوچە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق، خێزانەکـان ئـاوارە دەبـن لە زەوییەکانیـان بۆ دەیـان سـاڵ و هەنـدێک جـاریش بە درێژایـی ژیـان. بەهـۆی کەمـی بەڵگەســازییە حکومییەکـــانەوە لەمەڕ ژمـــارەی کەســـانی ئاوارەبوو، مێژووی زارەکیی لە خێزانە بەرکەوتووەکانەوە هەندێک جار تاکە سەرچاوەن کە هەن.

تۆپبارانی قورسی ئێران لە سیدەکان لە ماوەی حوزەیرانی ٢٠١٩ دا، ژمارەیەک لە خێزانەکانی ناچارکرد کە شوێنەکانیان بگۆڕن، لە کاتێکدا هێرشە ئاسمانییەکانی ڕابردووی تورکیا لە شێروان مەزن وایانکردووە لە ٩٠ % ی زەوییەکانی ئەو ناحیەیە بە ناوچەی قەدەغەکراو ناوزەد بکرێن.

زۆرێک لە خێزانەکان ناتوانن بەرگەی ڕۆیشتن بگرن یان سوورن لەسەر ئەوەی بمێننەوە لەسەر ئەو زەوییەی نەوە لە دوای نەوە لە خێزانەکانیاندا بووە. بۆ ئەوانەی کە توانای دامەزراندنی نشینگەیەکی تازەیان هەیە، سەلامەتییان زامن کراو نییە. زۆر جار گوندە تازە دروستکراوەکان ، وەکو سەرگەلی لە قەزای ئامێدیی، دوچاری بۆردومانەکان بووە و خەڵکە سیڤیلەکەش بەردەوامن لەوەی لە ژێر هەڕەشەی توندوتیژیدا بژین.

## تراوما-زەبری دەروونیی

لە هەموو ئەو کەیس-حاڵەتانەی بۆردومانەکانی سەر سنووردا کە سی پی تی دۆکیومێنتی کردوون کاریگەریی زەبرکارییەکی دەروونیی بەرچاو و توند لەسەر خەڵکی سیڤیل هەبووە. هەرە زەقترینیان ئەو کاریگەرییانەن لەسەر خێزانەکان کە دووچاری زیانی مرۆیی بوون هەروەها

منداڵان کە بەسەرهاتی بۆردومانە کاریگەرەکانیان بینیوە. فـڕۆکە جەنگییەکـان و درۆن- فـڕۆکە ئاراسـتەکراوەکان و نزیکایەتییەکی زۆری گوندەکان لە بنکە سەربازییە تورکیی و ئێرانییەکـانەوە زۆرێـک لە خێزانەکـانی ناچـارکردووە لە ترسدا بژین لە هێرشەکانی داهاتوو.

بۆ زیـاتر لە دوازدە سـاڵ سـی پـی تـی ئەم کـاریگەرییە شـۆکپێدەرانەی دۆکیومێنـت کـردووە لە قەزای پشـدەر. گوندنشـینێک گوزارشـتی کـرد لەوەی کە تەنیـا بـۆ مـاوەی یەک سـاڵ ئاشـتی جێگیردەبێـت. ئەو وتـی منـداڵەکان نەیاندەزانی کە چۆنە ئەگەر بژیت بە بێ فڕۆکە جەنگییەکـان و دایکان و باوکان دەترسن لەوەی ئەوان لە شەودا دەمرن. گونـدییەکان بـاس لەوە دەکەن کە نەزانینـی ئەوەی کەی هێرشی داهاتوو ڕوودەدات بووەتە هـۆی ئاستە بەتینەکـانی دڵەڕاوکێ. ژمـارەیەک لە گونـدییەکان بە (سـی پـی تـی) یـان وت کە تەنانەت دەنگگەلێکی نزمیش وایـان لێدەکات لە جێی خۆیان بەرزببنەوە یان وابزانن کە وا خەریکە جارێکی تـر بۆردومان دەکرێن.

## دەرئەنجام

وەک لەم ململانێـــیەوە کە نەوەیەک درێــژەی کێشـــاوە دەردەکەوێـــت، تـــاکتیکە ســـەربازییەکانی هەنـــووکە بە ناکـاریگەر دەمێـنـەوە بـۆ هێـنـانی ئاشـتییەکی بەردەوام بـۆ نـاوچەکە. خەڵکی سـیڤیل کە گیریـان خـواردووە لەنـاو ئەم ململانێیـانەی سـەر سـنووردا زیـانێکی مرۆیـی بەرچـاو و مەرگـی کەسـوکاریان و زیانگەیشـتن بە موڵکەکانیـان و لە دەســـتدانی بژێوییەکانیـــان بەرکەوتـــووە هاوکـــات لەگەڵ کـاریگەرییە شـۆکپێدەرە درێژخایەنەکـان. بە ئامـانج گرتنـی گوندنشینان و کێڵگەکان پێشیلکاریی یاسا نێدەوڵەتییەکانن و لەگەڵ ژیانێکی تەندروست بۆ خەڵکی سیڤیل لە ناوچەکانی ســـــنووردا نـــــایەنەوە. لەپـــــاڵ ئەمەدا، لە دەســـــتدانە کشـتوکاڵییەکان دەبـنە هـۆی بـارگرانیی بەسـەر ئەو کەرتە دارایـــیەی هەرێـــمەوە کە خـــۆی لە خۆیـــدا نالەبـــارە و کاریگەریی بۆسەر تەواوی کوردستانی عێراق هەیە.

هیچ سیستمێکی متمانەپێکراو بۆ یارمەتیدان لە کاتەکـانی قەیرانەکاندا و بۆردومانی قورسدا، هەروەها هیچ پلانێک بۆ نیشـتەجێکردنەوەی کەسـە ئاوارەبووەکـان لە ئـارادا نـین بۆ قوربانیـانی هێرشـەکانی سەرسنوور لە کوردسـتانی عێراق. لەپـــاڵ نەبـــوونی پشـــتیوانیی لە حکـــومەتی هەرێمـــی کوردستانەوە، گوندییە ئاوارەبووەکان کە گیریان خواردووە

له ململانێـــی ســـەر ســـنوور شـــیاو نـــین بـــۆ پرۆگـــرامە فریـــاگوزارییە نێودەوڵەتییەکـــان بەو پێـــیەی داراییەکـــان بە شـێوەی سـەرەکیی تەرخانـدەکرێن بـۆ ئەوانەی کەوتـوونەتە بەر کاریگەریی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسـلامیی (داعش) دا. سـی پـی تـی بـانگەواز لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و ڕێکخراوە حکومیی و ناحکومییەکان دەکات، هەم نـاوخۆیی هەمیش نێودەوڵەتییەکان، بۆ هەڵسـەنگاندنی کاریگەرییەکان لەسەر گوندنیشینە ناوخۆییەکان لەم ناوچە سنووریانەدا بە ئامـــانجی دابینکردنـــی یـــارمەتیی دەســـتبەجێ و زامنکردنـــی پارێزگاریی.

سـی پـی تـی وای دەبینێت کە پێویسـتییەکی هەنـوکەیی هەیە بـــۆ گفتوگـــۆی دیپلۆمـــاتیی ئاشـــتیی لە نێـــوان لایەنە پەیوەندییدارەکان لەم ململانێیانەدا. زیاتر لەوەش، ئێمە هانی کـــۆمەڵی نێـــودەوڵەتیی دەدەیـــن، لەنێویـــدا ئەو وڵاتـــانەی پەیوەندیی دیپلۆماتییان هەیە بۆ هێنانەکایەی لایەنەکان بۆ یارمەتیدان لە برەو پێدانی کەشێک کە تیایدا ئەم گفتوگۆیانە ئەنجام بدرێن.

❊❊❊❊

## سوپای تورکیا ٢٠ کم هاتۆته پارێزگای هەولێرەوە و ٦ گوندی داگیرکردووە [٩]

ماوەی چەند مانگێکە سوپای تورکیا بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم (وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم روونکردنەوەی بڵاوکردەوە بۆ ئەم بابەتە، چونکە فشار هەبوو لەسەر هەولێر کە بۆچی هەڵوێستی نیە لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ برادۆست)..

بە دەیان کیلۆمەتر لەشکرکێشی سەربازی و سنور بەزاندنی کردووە بۆ نێو خاکی هەرێم لەناوچەی برادۆست ، سوپای تورکیا لەو ناوچانە بەدەیان خاڵی سەربازی دروستکردوە.

بە پێی لێدوانی فەرمی بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان" تا ئێستا سوپای تورکیا ٢٠ کیلۆمەتری لەو سنورە بەزاندووە". هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بەچەند قۆناغیک بوە بەم جۆرەی خوارەوە

### قۆناغی یەکەم

سەرەتای مانگی ١١ ی ساڵی ٢٠١٧ ، سوپای تورکیا لە ڕێی تۆپخانەکانی قەرەقولی یەوە کە لەنزیک گوندی (بەردە

---

[٩] تێکۆشەر حسێن،http://diplomaticmagazine.net/
٢٠١٨/٤/٧

زەرد) ـە دەستی کرد بە بۆردومان کردنی ناوچەکانی هەریەک لە چیاکانی (گەلی ڕەش و کتکین و ئاودەل کێوی و چیای ڕەش)

**قۆناغی دووەم**

لەڕێی فڕۆکەی جەنگی یەوە بۆردومانی ناوچەکە کرا ئەوە بوو لە بەرواری ١٣ ـ ١١ ـ ٢٠١٧ دا هاوڵاتیەک بەناوی (هیمداد عوسمان) کە خەڵکی گوندی (بەرمیزە) ی ناوچەی برادۆست بوو لەناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە کرایە ئامانج و شەهیدبوو ، هاوڵاتیانی ئەو گوندەش بەتەواوی کەوتنە ترس و دڵە ڕاوکێ وە.

**قۆناغی سێ یەم**

لەو ماوەیەدا ڕژێمی تورکیا چەند ناوچەیەکی لە سنوری ناوچەی برادۆست (ناحیەی سیدەکان) بەزاندووە کە ئەوانیش بریتین لە:

بناوانۆک

بەرمیزە

گەلی ڕەش

هیشمێ یا ئیشەم

ڕەشەماڵ

کانیە ڕەش

هاوڵاتیــانی نــاوچەکە بــاس لەوە دەکەن هەنــدێ جــار دەشتی هێرتێ و دەشتی بەرازگریش دەبەزێنن ، تەنها لە (گونــدی بەرمیــزە) لە بەرزاییەکــان، دەوڵەتــی تورکیــا ٣ قەرەقـولی دانـاوە و ئەرتەشـی تیـا جێگیـر کـردووە ، جگە لەمەش لەو ناوچەیە بەردەوام لە پێشڕەوی دان بەدرێژایی هەریەک لە چیاکانی:

کتکین

چیای ڕەش

ئاودەل کیوی

گەلی ڕەش

لە ئەنجــامی پێشــڕەوی زیــاتر و بۆردۆمــانی فــڕۆکە جەنگیەکـــان ڕۆژی ٥ ی مانـــگ هاوڵاتیـــانی نـــاوچەکە ٦ گوندیان چۆڵکرد ، بەناوەکانی:

سیدا

لیلکان

دایلا

بنسەنان

خەلیفان

نەیا

ئەو شـوێنەی چەکـی قوڕسـی وەک تـۆپی دوورهـاوێژی لێجێگیـر کـراوە پێـی دەووترێت (گەرووی مـاوان) هەروەهـا

فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەری سەربازیش لە (ڕوبارۆک) ی سەر بە شەمزینانەوە هەڵدەستێت بۆردومانی ئەو ناوچە سنوریانە دەکات و هەر لەوێشەوە دێت سەرباز و چەک و پێداویستی سەربازی دێنێت بۆ ناوچە .

هاوڵاتیانی ئەو گوندانە ماڵ و حاڵ و ڕەز و باخ و کشتوکاڵیان جێهێشتووە ئاوارەی قەزای سۆران بوون ، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکان دوو منالّیش بە سوکی بریندازبوون ، بە پێی زانیاریەکان ٦ کۆپتەری سەربازی لە چیای (دێر و کەوەرت) سەربازیان دابەزاندووە لەهەوڵی ئەوەدان بنکە و بەرەگا و قەرەقولی زیاتر دابنێن و سەربازی زیاتر جێگیر بکەن .

سوپای تورکیا بە ئاشکرا لەو ناوچانە جموجۆڵەکانیان دەسپێکردووە و خەریکی دروست کردنی قەرەقولن ، لەبەر ئەوەی ناوچەکە سەخت و شاخاویە ئیڤایەکی سەربازی سوپای تورکیا لە ڕوبارکۆ وەرگەڕاوە ١٢ سەرباز مردون و یەکێکیشیان بەسەختی بریندازبووە ، هاتنی سوپاو دروست کردنی قەرەقولیش لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەو واتایە دێت کە دەیانەوێ بە تەواوی جێگیر بن.

لە ناحیەی قەسرێش لە گوندی باپشتیان دوو ئەفسەری بالای میت لەگەڵ حەڤدە سەربازی سوپای تورکیا لەوێ جێگیر کراون ، ئەم گوندە ئەو شوێنەیە کە لە سەرەتای

پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە دوایین هەڵبژاردن دا ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەردانی کرد بەناوی بەسەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان .

هەر لە ناحیەی قەسرێ و دۆڵی باڵەیان لە ئێوارەی یەکەمی نەورۆزدا فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا کاتژمێر ١:٧ شەو هەر یەک لەگوندەکانی (سەرکان و ماونان و وەسان) یان بۆردومان کرد و بەو هۆیەشەوە ٤ هاوڵاتی لە گوندی سەرکان شەهید بون بەناوەکانی (شەرۆ محمود برایم ، کاکە مستەفا وەرتێ ، محمد (کاکە) سمایل ئاغا ، دەرباز بالیسانی)

**ڕاگەیەندراوێك لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

کاتژمێر ٢:٤٥ پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ لە ناوچەی برادۆست کاتێک هێزەکانی پاسەوانی سنووری سەر بە حکومەتی فیدراڵی خەریکی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوون کە لە خاڵە سنووریەکان دروستبووە بە مەبەستی دوورخستنی هەڕەشەی شەڕ لە دانیشتووانی ناوچەکە، لە لایەن فڕۆکەیەکی لەشکری تورکیاوە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکەی پاسەوانی سنوور دەکرێتە ئامانج و بەداخەوە دوو ئەفسەری هێزەکە شەهید دەبن بە ناوەکانی (عمید محەمەد ڕەشید سلێمان، فەرماندەی لیوای دووی پاسەوانیی سنوور) و (عقید زوبێر حالی تاجەدین، فەرماندەی فەوجی سێی لیوای دووی پاسەوانیی سنوور). هەروەها (عقید حیسامەدین عەبدولڕەحمان حەسەن) بریندار دەبێت.

لێرەدا دووپاتیدەکەینەوە، کە پێویستە PKK و تورکیا شەڕ و ململانێکانی خۆیان ببەنەوە دەرەوەی خاکی هەرێمی کوردستان وعێراق و چیتر خەڵکی ئێمە نەکەنە قوربانیی ئەو ململانێیە.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و لە خوای گەورە

دەپاڕێینەوە، کە بە بەهەشتی خۆی شادیان بکات و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین و خەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە هەموو توانا و هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دوورخستنەوەی ئەم ململانێیە لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی ناوخۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢٠٢٠/٨/١١

*******

## سوپای تورکیا لە نۆ شوێنی ستراتیژیی دەڤەری برادۆست جێگیربووە[10]

سوپای تورکیا لە نۆ شوێن و بەرزایی ستراتیژیی دەڤەری برادۆستی پارێزگای هەولێر جێگیربووە، ئێستا تەنیا حەوت کیلۆمەتر لە شارۆچکەی سیدەکانەوە دوورە. تاوەکو ئێستاش رووبەری چوار هەزار دۆنم پاوان، رەز و باخی ناوچەکە بەهۆی شەڕی پەکەکە و تورکیاوە سووتاوە و لەناوچووە.

رۆژانە تورکیا بە تۆپ و فڕۆکە رەنج و ماندووبوونی کاسبکارانی باشووری کوردستان دەسووتێنێت. تادێت مەترسییەکان زیاتردەبن و ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکان زۆرتر دەبن. تەنیاساڵی ٢٠٢٠، (٢٠) گوند لە سنووری سیدەکان چۆڵکراون.

تاوەکو ئێستا چوار هەزار دۆنم رەزو پوشوو پاوان سوتاوە لە برادۆست..

لەساڵی ٢٠١٧ەوە تاوەکو ئێستا پێنج هاوڵاتی شەهید بوون و هەشت کەسیش برینداربوون، دوو هەزار هاوڵاتیش ئاوارە بوونە.

---

[10] بەختیار قادر، رووداو دیجیتاڵ

شــەهاب رەحمــان، گوندنشــینە و لەبــارەی هێرشــەکان قسەی بۆ رووداو کرد، گوتی "شەو نییە تۆپ و فرۆکە لەم گوندانە نەدەن، مەترسیی زۆرمان لەسەرە بەتایبەت ژن و منداڵ زۆر دەترسن.. گوللە بە ناو ماڵان دەکەوێت و کەس نـاتوانێ شــەو بچێتە دەرەوە. نـاتوانی ١٠٠ مەتـر لە گونـد دووربکەویتەوە".

تورکیـا بەردەوامە لە دروســتکردنی رێـگەی ئۆتۆمبێـل قەڵای سـەربازی لەو ناوچـانە. شـەوانە گەریلاکـانی پـارتی کرێکــارانی کوردســـتان - پەکەکە هێــرش دەکەنە ســـەر قەڵاکــان و تورکیــاش نــاوچەکە بۆردوومــان و تۆپبــاران دەکات.

رووبەری ٤٥ کیلــــــۆمەتری چوارگۆشــــــە قەدەخەی هـاتووچۆی تێدا راگەیێنـراوە. لە سـاڵی ٢٠١٧ـەوە تـاوەکو ئێسـتا بەهـۆی ئەو شـەڕانەوە پێـنج هاونیشـتمانی گیانیـان لەدەستداوە و هەشت کەسی دیکەش برینداربوونە، نزیکەی دوو هەزار کەسـی دەڤەرەکە ئـاوارەی گونـد و ناوچەکـانی دیکە بوونە.

ئیحسان چەلەبی، بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان بە تـۆڕی میـدیایی رووداوی گـوت، نیـازی تورکیـایە تـاوەکو ناوچەکانی خنێرە و نزیک بەربەزین بڕوات، "ماوەیەکە لە پێشـڕەوی وەسـتاوە، بەڵام لە ئاسـمانەوە ئۆپەراسـیۆنەکانی

بەردەوامـن و کەم رۆژ هەیە فـڕۆکە نـاوچەکە بۆردوومـان نەکات".

بەرهەمی کشتوکاڵی سنووری سیدەکان ١٠%ـی کۆی بەرهەمی سـاڵانەی پارێزگای هەولێر پێکدێنێت، ئەمسـاڵ لە ٥٠%ی بەرهەمی ناوچەکە لە هەنگوین و بەرهەمـی ئـاژەڵی و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی دیکە کەمبووەتەوە.

*****

## سوپای تورکیا ٣٠کیلۆمەتر بەرەو سیدەکان پێشڕەوی کردووە [١١]

سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لەناو خاکی تورکیا چڕکردووەتەوەو سێ کیلۆمەتری دیکە پێشڕەوی کردووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەش لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە تا ئێستا سوپای تورکیا ٣٠ کیلۆمەتر هاتووەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

تورکیا لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمجارەی لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، هێزی زیاتر و فرۆکەی جەنگی زیاتر بەکاردەهێنێت و بەچڕوپڕی دەستی بەجوڵە کردووە، بەپێی زانیارییەکانی پەیسەر ٣٠ فرۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەری کوبرای بەکارهێناوە.

شایەتحاڵێک لەگوندی دەرهۆڵەوە لە سنوری ناحیەی سیدەکان، لەناوچەی برادۆستەوە بە پەیسەری گوت"لە رۆژی ٢٧ی پێنجی ٢٠٢٠ سوپای تورکیا لە رێگەی ئاسمانی و زەمینی بۆردومانێکی چڕی ناوچەکەیان کردوە، و دواتریش لە رێگەی هێلی کۆپتەرەوە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازیی تورکی دابەزیونەتە سەر چیای شەکیو".

---

[١١] رەنج عوسمان، www.peyserpress.com

ئەو شایەتحاڵە باسی لەوەش کرد، سەربازە تورکەکان بە ئاسانی هەستیان پێدەکرێت، لەو ناوچانەن کە هاوڵاتیانی گوندەکانی ئەو سنورە بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا و لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان ڕووی تێدەکەن، سەربازەکان بەرەو کێلەشین پێشڕەوی دەکەن، بەوتەی ئەو لە ئێستادا مەترسیەکی زۆریان بۆ خەڵکی ناوچەکە و ئەو ڕەوەندانە دروست کردووە، کە ڕوو لە کوێستانەکانی ئەو سنورە دەکەن.

ئیحسان چەلەبی بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان بۆ پەیسەر گوتی"سوپای تورکیا جموجوڵەکانیان لەناوچەکە زیادکردوە، لەماوەی ڕابردوو زیاتر لە جاران بۆردومانی چڕی چیاکانی لێلکان، سیران و خواکورکیان کردووە، لە ڕێگەی دوو فڕۆکەی سەربازییەوە، تورکیا ژمارەی سەربازەکانی لە سنورەکە زیاترکردووە و چەندین بەرزایی تریان کۆنترۆڵکردوە".

بەگوتەی چەلەبی، سوپای تورکیا پێشڕەوی کردووە بۆ هەریەکە لە بەرزاییەکانی گۆرەسێو، شەکیو، سیران و خەلیفان، لە کاتێکدا پێشتر تەنها بەرزاییەکانی چیادێلیان بەدەستەوە بوو لە سنوری برادۆست، ژمارەی ئەو سەربازانەی لە ڕابردوو هاتوونەتە سنورەکە ٧٠ سەرباز دەبن و تەنها ٥٠٠م لە گوندی سیران و خەلیفانەوە دوورن

و کەمتـــر لە هەشـــت کیلـــۆمەتر لە ســـەنتەری نـــاحیەی سیدەکانەوە دوورن.

لە ئێستادا سوپای تورکیا بە قوڵایی ٣٠ کم و پانی ٥٢ کم، لەناو خاکی هەرێمی کوردستانن، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان دەڵێت، هاوڵاتیانی ٢٠ گوندی ناحیەکەیان لە ترس و دڵەراوکێیەکی زۆردا ژیان بەسەر دەبەن.

کرمـانج عیـزەت قایمقـامی قەزای سـۆران بە پەیســەر گوتی"هەمـوو جـۆرە جموجـۆڵێکی سـەربازی تورکیـا لە سـنورەکە چڕتـر بـووەتەوە، سـوپای تورکیـا هـیچ جـۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئێمە نییە".

بەگـوێرەی زانیـارییە تایبەتیەکـانی (پەیســەر پـرێس) سـوپای تورکیـا لە گونـدی (چەمـانێ)ش دەسـتی بە جـوڵە کردووە، گەرووی (ئارێ) کە دەکەوێتە سەر خاڵی سفر لە سـنووری نێـوان بـاکوور و باشـووری کوردسـتان لەژێـر دەسـتی سـوپای تورکیـا دایە. سـوپای تورکیـا بەردەوامە لەســـەر پێشـــڕەویکردنی بەرەو بەرزاییەکـــانی (ســـەرێ رووااران) کە درێژدەبێتەوە بەرەو دۆڵی (ژوولیـان) لە نزیک سیدەکان و گوندی (بێرکمێ).

ســـوپای تورکیـــا لە بـــارەی ئەم ئۆپەراســـیۆنەدا لە لێدوانێکیـدا دەڵێـت" (شـەوی ٢٨/٢٧ ئایـار) لە زەمـین و ئاسمانەوە سوپەکەمان دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی چەکداری

کردووه له ناوچەی خواکورک. ئامانج لەم ئۆپەراسیۆنەدا، تێکدان و تەقاندنەوەی کۆگا و حەشارگاکانی پەکەکەیە" سوپای تورکیا لەم لێدوانەیدا باس له وادەی کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنەکه ناکات، ئەمەش دەرگا بۆ خوێندنەوەی جیاواز له بارەی ئامانجی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیادا خۆش دەکات.

تۆفان ژێهات، وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی گەل(هەپەگە) بۆ پەیسەر ڕەتیکردەوه، هیچ جۆره شەڕ و پێکدادانێکی سەربازیی لەم ماوەیه لەنێوان گەریلاکانی ئەوان و سوپای توریکادا ڕوویدا بێت و هیچ  جۆره پێشڕەوییەکی  زەمینی سوپاش له ئارادابێت.

ژێهات گوتی" وەک هەمیشه بۆردومانی ناوچەکانی خواکورک و زاپ و مەتین کراوه"،ئەو پێی وابوو دەوڵەتی تورکیا شەڕی دەروونیان بەرامبەر دەکات، له رأِگەیاندنەکانیانەوه قەبارەی جموجۆڵه سەربازییەکانیان گەوره نیشان دەدەن، بەڵام نایشارێتەوه که سوپای تورکیا مەبەستیەتی ئۆپەراسیۆنی زەمینی زیاتر ئەنجام بدات، بەوتەی ئەو ئامانجیش لەوه داگیرکرنی باشووری کوردستانه.

سەید رەزا گارزان یەکێک لە فەرماندەکانی گەریلا باس لە مێژووی ناوچەی برادۆست دەکات[12]:

## مێژووی برادۆست

گــارزان لەبــارەی مێــژووی برادۆســتەوە وتــی "گەل و ناوچەی برادۆست بۆ هورییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم ناوچەیە لە گەلانــی هــوری، گــوتی، کاســیت و مەهیریــان پێکــدێت. برادۆســت خــۆی لە گەلــی لــوری و هــورییە. نــاوی چەمــی لــۆلانیش لە لورییەکــانەوە هــاتووە. بــوونی خۆیــان بە تەواوەتــی پاراســتووە. تــاوەکو ســەردەمی ساســانییەکان بە تەواوەتی بە ئازادی و لەسەر کولتور و نەریتەکانی خۆیان ژیــاون. لە دوای ساســانییەکان و لە دوای ئەوەی عەرەب کوردســتانی داگیرکــرد، گوشــاریان خســتە ســەر بــاوەڕی زەردەشــتی و مەســیحی لە نــاوچەی برادۆســت. ئێســتاش لە نــاوچەی برادۆســت شــوێنی جیاجیــای پەرســتن هەیە. لەبەر ئەوەی ئەمەوییەکــان و عەباســییەکان تــاوەکو ســەردەمی ســەلجوقی نەیــانتوانیبوو کــورد کــۆنترۆڵ بــکەن، بە دامەزراندنی میرایەتی هەوڵیاندا کورد بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیــان. چەنــد کەس لەو میــرانەش، میرەکــانی فــارقین، ساســۆن، هەربــورگ و زەرزان بــوون. لە برادۆســتیش

[12] چوارشەممە, ١٦ May 2018, anfsorani.com

سیستمی میرایەتیان دروستکرد. کاتێک میرایەتیی برادۆست دامەزرا، ٢٢ خێڵ و ١٢ عەشیرەی لە خۆ گرت.

برادۆست ناوی یەک عەشیرە نییە و ناوی ناوچەیەکە. سنوورەکەی لە دۆڵی (گەلیی) عەلی بەگ تاوەکو چۆمان، لەوێـــیەوە تـــاوەکو رۆژهەڵاتـــی کوردســـتان و شـــنۆ و مەرگەوەر و سۆما و سەڵماس لە خۆ دەگرێت، لەوێشەوە و لە هێڵی شـەهیدان تـاوەکو شـەمزینان و بـارزان لە خـۆ دەگرێت. دیانـاش دەکەوێتە سنووری ناوچەی برادۆست. ناوی دیانا ناوی ژنێکی برادۆستییە. شکاکەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتانیش برادۆسـتن. عەشـیرەکانی، زەرزان، سـوچی، زراری، هەرکی، خەیلانی، شەرڤانی و مەری لە فیدراسیۆنی برادۆسـتدا بـوون. ئێسـتاش هەر چەنـد لە یەکتـر دوورن، بەڵام هەر پەیوەندیی عەشیرەییان بە یەکەوە هەیە. ئەوانەی کە ئێســتاش خۆیـــان بە برادۆســـتی دەزانــن بــریتین لە، خواکـــورکی، شـێخ زادەیــی، مێـگ زادەیــی، راڤانـــدۆکی، پیناســینی و شــەکیفی. مێـگ زادەیـی لە قەڵای دمـدمەوە هاتوون. میرکیش برادۆستییە".

### زۆر هێز هەوڵیاندا داگیری بکەن، بەڵام پێیان نەکرا

سـەید رەزا گـارزان فەرماندەی گەریلا رایگەیاند، پێش سـەردەمی ئەمەوی و عەباسـی نـاوی برادۆسـت بـۆ ئەم

نـاوچەیە بەکارهـاتووە. لەبەر ئەوەی ئـاییینی جیاجیـای تێـدا بووە و پێکەوە ژیاون ئەو ناوەیان بۆ ناوچەکە داناوە.

گــارزان وتــی "داگیــرکەران هەمــوو کــات هەوڵیانــداوە برادۆســـت داگیــربکەن، بەڵام بەهــۆی دۆخــی جــوگرافیی ناوچەکەوە نەیانتوانیوە داگیری بکەن. نە ئێران و فـارس، نە تـورک و عوسـمانی، نە ئەسکەندەریش نەیـانتوانیوە بەسـەر ئەم جوگرافیـایەدا سـەر بـکەون. هەوڵیانـدا داگیـری بـکەن، زیانیشیان بە ناوچەکە گەیاند، بەڵام لە دوایدا ناچـار بـوون ناوچەی برادۆست بەجێبهێڵن".

## مانای ناوی برادۆست

گـــارزان ئامـــاژەی بەوەکـــرد، مەســـیحی، ئێـــزدی و بـــاوەڕدارانی ئیســـلام پـــێکەوە لە نـــاوچەکەدا ژیـــاون و لەوبـــارەیەوە وتیشـــی "بەهـــۆی برایەتیـــی مســـوڵمان و دۆستایەتیی ئێزدی و مەسیحییەکانەوە نـاوی برادۆسـت بـۆ ئەم نـاوچەیە بەکارهـاتووە. ئێسـتاش ئێزدییەکـان لە دیانـا و برادۆست دەژین. تاوەکو کـاتی رێککەوتنی قەسری شـیرین (رێککەوتنـی زەهـاو لە ١٦٣٩) برادۆسـت یەکپـارچە بـووە، بەڵام بەهۆی ئەو رێککەوتننامەیەوە کرا بە دوو بەشـەوە. لە ساڵی ١٨١٦دا لەگەڵ عوسمانییەکان بوون بە یەک و هەموو ئێزدییەکانیـــان کۆمەڵکـــوژکرد(ئەم زانیـــارییە ئەشـــێ

تـويێژینەوەی وردی لەسـەر بکرێـت کە ئایـا بـۆچی شـەڕی ئێزدییەکـان کـراوە؟؟ئەم شـەڕە لە کـوێ بـووە؟ لەسـەرچی بووە؟ ئێزدیەکان بۆچی لەم ناوچەیە ژیاون؟). لە دوای ئەو کۆمەڵکوژییە فیدراسیۆنی برادۆست تێکچوو. گەنجینەکانی ناوچەکەیان برد بۆ کۆشکی کۆر پاشا(کۆر پاشا رەنگ بێت مەبەستی پاشـای گەورەی رواندوز بێت؟) لە تۆپ قاپی و رادەسـتی عوسـمانییەکانیان کـرد. دواتـر برادۆسـت بە پێشـەنگایەتیی شێخ رەشید درێژەی بە مانەوەی خۆی دا".

*****

## بەقـــوڵایی ٣٠ کیلـــۆمەتر ســـوپای تورکیـــا دەڤەری برادۆستی داگیرکردووە[١٣]

بەپێـی قسـەی هاوڵاتیـان بێـت دەڵـێن، ئەوە ٣٠سـاڵە دەوڵەتـی تورکیـا بەردەوام گونـد و ئاوایەکـان و نـاوچە سـنوورییەکانی دەڤەری برادۆسـت بۆردومـان دەکـات ، بەوهـۆیەوەش خەڵێکـی زۆر شـەهید و برینـدار بـوون ، سـوپای تورکیـا بەردەوام بە بیـانووی هەبـوونی بـنکە و بارەگاکـانی پەکەکە گونـد و ئاوایەکـان بۆردومـان دەکـات ، بەڵام زۆربەی کات خەڵکی سڤیل دەکاتە ئامانج لە هەرێمی کوردسـتان لەمـاوەی ١٠ سـاڵی رابـردوودا ٦٠ هـاوڵاتی سڤیلی کردۆتە ئامانج.

سەرەتایی هاتنی سوپای تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ٤ ی ساڵی ٢٠١٧ لە سنوری ناحیەی سیدەکان کە بە دەڤەری برادۆست ناسراوە لە سنوری پارێزگای هەولێر یەکەمی سـەر ئاسـتی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان لە ڕووی ڕووبەرەوە.زۆرترین جواگرافیای هەیە .

تورکیـا سـەرەتا هەمـوو ئەو شـوێنانەی داگیرکـرد کە شـوێنی سـتراتیژین کە پێشـتر لە ژێـر دەسـەڵاتی پەکەکەدابوون .

---

[١٣] ٦-٨-٢٠٢٠ http://www.knanews.net

کرمانج عیززەت ، قایمەقامی قەزای سۆران راگەیاند: " ئەوە نزیکەی ٣٠ ساڵە تورکیا بۆردومان و تۆپبارانی ئەو سنوورانە دەکەن بە بیانوی بوونی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەو شوێنانە ئەو شەڕانەی لەسەر سنورەکان هەیە شەڕی کوردستانی عێراق نیە شەڕی تورکیایە، پەکەکە و تورکیا دەبێت مەیدانی گواستنەوەی شەڕەکەیان ببەنە نێو شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان."

قایمەقامی سۆران ئەوەشی راگەیاند:"ئەمە بۆتە کێشەیەکی یەکجار زۆر گەورە بۆ ئێمە پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەو باسە بهێنرێت، چونکە خەڵکی ئێمە دەبنە قوربانی و رەز و باغی هاوولاتیان دەسوتێت، نزیکەی ١٢٠ گوند تەنها لە سنووری سیدەکان ئاوەدان نەبوونەتەوە و بەشێکی دیکەش هەڕەشەیان لەسەرە کە گوندەکانیان چۆڵبکەن."

ناوبراو دەشڵێت: " لەو شوێنەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێیە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە هیچ بنکەیەکی تورکیا نیە، ئەو شوێنە بەتاڵانە نەبێت کە لە ساڵی ١٩٩٢ حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ نەبووە ئەوان پاش ئەوەی هێرشیان کرد پەکەکە پاشەکشەی کرد و هاتنە شوێنی ئەوان.

له ساڵی ٢٠١٧تا وەکو ئێستا زیاتر بە قوڵایی ٣٠ کیلۆمەتر خاکی باشووری کوردستانی داگیرکردووە ، ژمارەیەک بنکەی سەربازی نوێی دروست کردوون ١٠قەرەقۆڵی لە شوێنەکانی (دەوروبەری گوندی بەرمیزە ، چیادێڵ ، چیا بەن ، چیای کەوێت ، دەوروبەری گوندی خەلیفان ، گۆڕەسێو ، خواکورک بە شێوەیەک دروستی کردوون وەک ئەوەی نیازی ئەوەی هەبێت ٢٠بۆ ٣٠ساڵی تر لەناو خاکی باشووری کوردستان بمێنێتەوە.

لە ناوچانەدا هێزێکی زۆری سەربازی کۆکردۆتەوە بە تۆپ و گولله هاوەن و دۆشکە و ئۆتۆمبێلی زریپۆش و هەمەر و دەبابە و هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی بۆ بنکە سەربازیەکان دابین کردووە ، بۆ لێدانی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کەچی سالانە دەبینین خەڵکی سڤیل دەکرێتە ئامانج و شەهید دەبێت بەبێ ئەوەی ئەم خەڵکە هیچ پەیوەندیەکیان بە شەڕو ئالۆزییەکانەوە هەبێت.

ئەمەلەکاتێکدایە ئەوە سێ ساڵە تورکیا ئەو بنکە سەربازیانەی داناوە لە سنووری خۆی تا دەهێتە ناوخاکی باشوور چەند ڕێگاو بانێکی دروست کردوون و ژمارەیەک پردی نوێشی داناون لە ڕێگاکاندا، رۆژانە بەردەوامی لە چیاکاندا شەڕوئالۆزی لە نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا ڕوودەدات ، بەشێوەیەکی زۆر توند لە نێوان هەردوولا .

بەپێی زانیارییەکانی KNA هەر کاتێک دەبێت بەشەڕ لەنێوان ئەم دوو هێزە لە چیادێڵ هاوڵاتیانی زیاتر لە ٢٠ گوندی سنوری دەشتەهێرت، چونکە شەڕەکە زۆر نزیکە و لەترسی گوللەی پاشماوەکانی شەڕو ناتوانن لە ماڵەوە بهێنە دەرەوە یان دوور بکەونەوە لەماڵەوە ، ئەگەر بهێنە دەرەوە لەوانەیە مەترسی بۆ سەر گیانیان دروست بکات ، چەندین جاریش گولله و تۆپ بەر خانووی هاوڵاتیان کەوتووە زیانی بە خانووی هاوڵاتی مەدەنی گەیاندووە.

شایەنی باسە تورکیا بارودۆخێکی لەو ناوچەیەدا دروست کردووە زیانی بە کەرتی کشتوکاڵ و ئابووری ئاستی داهاتی تاکەکەس گەیاندووە،چونکە خەڵکی گوند و ئاواییەکان هیچ داهاتێکیان نیە جگە لەکارو کاسبی ژیانی رۆژانە، ئەویش بەخێوکردنی مەڕومالات و مانگا و بزن کە داهاتیان لەسەر ئەوە بەندە، بەڵام زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە، بەهۆی داگیرکردنی زۆرترین شوێنی لەوەڕگاکانیان کە پێشتر سوودیان لێدەبینی، بەشێکیتریش مەڕومالاتەکانیان دەفرۆشن، بەهۆی بەردەوامی شەڕوئالۆزیەکان .

هەروەها سوپای تورکیا ساڵانە بە هەزاران دۆنم پووش و پاوەن و دارستان و باڵندەی خشۆک جۆرەها گیانلەوەری زیندوو لەناو دەبات و دارستانەکانیش دەسوتێنێت و زیان بە ژینگە و سروشتی هەرێمی کوردستان دەگەێنیت .

هاوكـــات ئۆپەراســـیۆنێكی لە سەرتاســـەری هەرێمـــی كوردسـتان دەسـت پێكـردووە، لەژێـر نـاوی ئۆپەراسـیۆنی قەڵغان نـاوچە سـنورییەكان بۆردومـان دەكات ، بەوهۆیەوە ژمـارەیەك هـاوڵاتی مەدەنـی شـەهید كـردووە و هەنـدێكی تریش برینداربوون .

## عێراق داوای کۆمەك دەکات لە دەوڵەتانی عەرەبی

بەمەبەستی گوشاردروستکردن لەسەر تورکیا بۆ ئەوەی سەربازەکانی لەناو خاکی عێراق بکێشێتەوە، عێراق داوای کۆمەکی دەوڵەتانی عەرەبی دەکات. میدیا عێراقیەکان بڵاویان کردەوە کە عێراق داوای هاوکاری کرد لە وڵاتانی عەرەبی بۆ دەرکردنی سەربازانی تورکیا لە ناو خاکی عێراق.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند: داوای هاوکاری لە وڵاتانی عەرەبیی هاوپەیمانی کردووە گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی سەربازەکانی لە خاکی عێراق بکشێنێتەوە.

فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق باسی لەوەکرد کە: پەیوەندی کردووە بە هاوتاکانی لە میسر، ئوردن، سعوودیە، کوەیت و کۆمکاری عەرەبی و داوای هاوکاری دیپلۆماسی لێکردوون.

فوئاد حسێن داوای لەو وڵاتانە کردووە گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی سەربازەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە و کۆتایی بە ئاڵۆزییەکان بهێنێت. چی دیکە تورکیا سەربازو بنکەکانی سوپاکەی لەناو خاکی عێراق نەبێت.

ئەمەش دوای دوو رۆژ هات لە بۆردومانەکانی تورکیا لە سیدەکان و شەهیدبوونی دوو فەرماندەی سەربازی

پاسـەوانانی سنوور، بۆ سێیەم جار وەزارەتی دەرەوەی عێـراق بـاڵیۆزی تورکیـای لە عێـراق بانگهێشـتکردووە و یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی بەرامبەر بەهێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق رادەستکردووە.

****

دوای هێرشی فڕۆکەکانی تورکیاو هاتنی سەربازەکانی بۆ سنوری برادۆست، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق رایگەیاند: دەستدرێژی تورکیا هەڕەشەیەکی گەورەیە

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق سەرکۆنەی بۆردوومانەکەی تورکیای بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد و بە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر خاکی عێراق وەسفی دەکات.

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق کۆبووەوە و دەستدرێژی بۆ سەر خاکی عێراق لەلایەن تورکیاوە و شەهیدکردنی فەرماندە سەربازییەکان، بە پێشێلکارییەکی روون دژ بە بنەما نێودەوڵەتییەکان و هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و سەقامگیری ناوچەکە لێکدرایەوە.

جەختیش لەسەر گرتنەبەری هەموو رێگەیەک بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات و سەلامەتی هاووڵاتییان کراوەتەوە، بە رێگەی دیپلۆماتیشەوە.

رۆژی سێشەممە ٢٠٢٠/٨/١١ لە سنووری سیدەکان، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی سوپای تورکیا، ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراقی کردە ئامانج، بەهۆیەوە فەرماندەی هێزی ٣ی پاسەوانی سنور و فەرماندەی لیوای ٢ی پاسەوانی سنوور لە دەڤەری سۆران شەهیدبوون.

لە درێژەی کاردانەوەکان دوێنێ چوارشەمە ٢٠٢٠/٨/١٢ وەزارەتی دەرەوەی عێراق بانگهێشتی فاتح یەلدز، باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا کرد لە سەر بۆردوومانکردنی کاروانی هێزەکانی پاسەوانانی سنووری عێراقی لە لایەن فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی سوپای تورکیاوە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی ئەفسەرانی عێراقی و بەو هۆیەوە یادداشتنامەیەکی ناڕەزایی پێدا.

لە یادداشتنامەکەدا، عێراق ئیدانەی ئەو پێشێلکارییە بەردەوامانەی سوپای تورکیای کردووە، لەوانەش دوایین بوردوومانی لە رێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ناوچەی سیدەکانی پارێزگای هەولێر، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی دوو ئەفسەر و سەربازێکی سوپای عێراق.

****

## شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق هەڵوێستی خۆی دەخاتە ڕوو

لەبارەی بۆردومانی سوپای تورکیا شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق بەبێ ئیدانەکردنی بەیاننامەیەک لەسەر ڕووداوەکە بڵاودەکاتەوە

٢٠٢٠-٨-١١

شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق ڕایدەگەیەنێت، ئوتۆمبێلێکی هێزەکانی پاسەوانی سنور کراوەتە ئامانجی بۆردومانی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا و لە ئەنجامدا دوو ئەفسەری باڵا کوژراون. لەبەیاننامەیەکدا لەبارەی هێرشەکەی تورکیا بۆسەر کۆبوونەوەیەکی هێزەکانی پاسەوانی سنور و پەکەکە شانەی جەنگی بڵاویکردووەتەوە، دەستدرێژییەکەی سوپای تورکیا بە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بۆسەر ئۆتۆمبێلێکی سەربازی هێزەکانی پاسەوانی سنور لەناوچەی سیدەکان، بووەتە هۆی کوژرانی فەرماندەی لیوای دووی هێزەکانی ناوچەی یەکەمی پاسەوانی سنور و فەرماندەی فەوجی سێ لە لیوای دووی پاسەوانی سنور و شۆفێریی ئۆتۆمبێلەکە.

لەلایەکی ترەوە کاوە شێخ مووس، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بە

ماڵپەڕی (بغداد الیوم) گوتووە، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی کاروانێکی سەربازیی عێراقی سەر بە هێزە پاسەوانەکانی سنووری کردە ئامانج، کە فەرماندەی لیوای سێ فەرماندەیی سنووری تێدابوو لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردە و ئەفسەری دیکە.

شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی عێراق لەسەر ئەم روداوە ئەوەشی گوت، سوپای تورکیا ئەو کاروانە عێراقییەی بوردوومان کردووە،هاوکات زانیاری ئەوەشی خستەروو کە  هیچ ئەندامێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کاروانە بەئامانجکراوەکەدا نەبووە. ئەم روداوە لەئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، باس لەوە دەکرا کە عێراق هێزی سەربازی لەسنوری هەرێمی کوردستان و تورکیا بڵاوە پێ بکات، ئەمەش هیچ لەبەرژەوەندی داهاتووی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە نیە.

*****

## له سیدەکان سوپای تورك تەقە لە گەنجێك دەکەن و بریندارى دەکەن

ڕۆژنیوز - برادۆست

٢٠٢٠/٠٨/٢١

له سنووری سیدەکان سوپای تورک تەقەیان له گەنجێک کردووه و دوو گوللەی بەرکەوتووه، بەهۆیەوه به سەختی بریندار بووه. له گوندی شاپانی سەر به شارەدێی سیدەکان، سوپای تورک تەقەیان لەگەنجێک کردووه. بەپێی زانیارییەکان ئەو گەنجەی تەقەی لێکراوه لەلایەن سوپای تورکەوه ناوەی نەوزاد ڕەشیده و تەمەنی ٣٣ ساڵه، دوو گولله بەردەست و پشتی کەوتووه و گواستراوەتەوه بۆ نەخۆشخانەی مێرگه سۆر.

شایەنی باسه نەوزاد پیشەی پێشمەرگەیه و دانیشتوی گوندی شاپانه، لەوکاتەی سوپای تورک تەقەیان لێکردووه هیچ شەڕ و ئاڵۆزییەک لەو ناوچەیەدا نەبووه.

*****

## ٢٠١٨/١٠/١٩

## سوپای تورکیا لەناحیەی سیدەکان نزیکتر دەبێتەوە

(سبەی):

سوپای تورکیا پێشڕەوی زیاتر بەرەو ناحیەی سیدەکان دەکات و دەیەوێت بگاتە بەرزاییەکانی چیای زراران و چیای کەم کۆڕا.

سوپای تورکیا لە سنوری دەڤەری برادۆست پێشڕەویی زیاتری بەرەو ناحیەی سیدەکان کردوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە گوندی شاپان، پردی پەڕینەوە دروست دەکەن و ژمارەی سەربازەکانیشیان زیاد کردوە.

سەرچاوەیەکی سەبازیی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە برادۆست بە (سبەی) راگەیاند: سوپای تورکیا رۆژ بە رۆژ لەسەنتەری ناحیەی سیدەکان نزیک دەبێتەوە و هیچ یەکێک لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقییش هەڵوێستی جددی و فەرمیان نییە بەرامبەر ئەو لەشکرکێشی وسنوربەزاندنەی دەوڵەتی تورکیا.

ئەو سەرچاوە سەربازییە ئاشکرای کرد؛ لە دو رۆژی رابردودا سوپای تورکیا ژمارەی هێزەکانی لە برادۆست زیاد کردوە و لەئێستادا سەرقاڵی لێدانی پردی پەڕینەوەن لە روباری گوندی شاپان، وتیشی:" لە چیای لێلکان و

گوندی شاپانەوە بەچەکی قورس چاودێری ئەو کرێکارانە دەکەن کە پردەکان دروست دەکەن".

ئاماژەی بەودا؛ سوپای تورکیا چەندین بنکەی سەربازییان لە گەروخالەتا و سێگردکان و گۆڕەجو و دەوروبەری چیای هێشم لێداوە و ژمارەی سەربازەکانیشیان زیادکردوە و چەکی قورسیان هێناوە بۆ ئەو ناوچانە.

بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوە سەربازییەی پەکەکە لەبرادۆست، تورکیا دەیەوێت لەماوەی کەمتر لەمانگێکدا بگاتە بەرزاییەکانی چیای زراران و چیای کەم کۆڕا، کە ئەو دو چیایە دو ناوچەی ستراتیژین و دەڕوانن بەسەر ناحیەی سیدەکاندا و تەنها حەوت کیلۆمەتر لەسنتەری ناحیەی سیدەکانەوە دورن.

تایبەت بەم گۆڕانکاریانە حکومەتی هەرێم هەستیاری خۆی نەشاردۆتەوە، سەرچاوە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیان بڵاوکردەوە کە پەکەکە بیانوی داوەتە دەست تورکیا بۆ ئەوەی بەمجۆرە هەڵسوکەوت بکات، حکومەتی هەرێم بۆچونی وایە کە هەردوولا شەڕو پێکدادانی خۆیان ببەنەوە ناو خاکی خۆیان و پێویستە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکەن. هەستیاری هێزە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەکەکە لەدۆخی

شەنگال گەیشتۆتە دۆخی تەقینەوە، چاوەڕێ دەکرێ لەگەڵ هەر روبەروبونەوەیەک سنوری برادۆست و ناوچەکانی دیکەش بگرێتەوە. بۆیە گرنگە کورد ستراتیژیانە بیربکاتەوەو تیرەکە روو نەکاتەوە سنگی خۆی، بەڵکو ئەوە بزانێت کێشەی کورد لە بنەڕەتەوە یەک ئامانجە، نابێت جیاوازی و ناکۆکیەکان زیانی لێ بدات..هەر کاتێکیش دەرفەتی ئاشتی و چارەسەری سیاسیش هاتە ئاراوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دوودڵیەک و لەدەست دانی کاتی نەبێت و زوو هەنگاوی ئەرێنی خۆی بنێت. چونکە نەمانی جەنگ و بنکەی سەربازی لەناو سنوری هەرێمی کوردستان، بۆ داهاتووی ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە.

*****

## تۆپخانەکانی سوپای تورکیا سنوری برادۆست بۆردومان دەکەن

(سبەی) ٢٠٢٠/٠٥/٢٤

نیوەڕۆی یەکشەممە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان، تۆپخانەکانی سوپای تورکیا چەند دەوروبەری چەند گوندێکیان لە سنوری برادۆست بۆردومان کرد.

پەیامنێری (سبەی) رایگەیاند؛ بۆردومانەکە گوندی گوڕەشە و گوندی خەلیفان و کەندەگەری و بەرزاییەکانی چیادێل-یان لە سنوری برادۆست گرتوەتەوە.

ئاماژە بەوەش دەکات؛ باس لەوە دەکرێت کە ژمارەیەک شوانکارە لە ناوچەکانی نزیک بۆردومانەکەبون و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ناوچەکەیان جێهێشتوە، بەڵام تائێستا هیچ زانیاریەکی دروست لەبارەی زیانەکانی ئەو بۆردومانانەی ئەمڕۆوە نیە.

****

## فـڕۆکەی بێفـڕۆکەوان بۆردوومـانی کۆبـوونەوەیەکی بەرپرسانی عێراق و پەکەکە دەکات

بەختیار قادر- ڕووداو دیجیتاڵ- ١١-٨-٢٠٢٠

پەیـامنێری ڕووداو ڕایگەیانـد، ژمـارەیەک فەرمانـدەی پاسـەوانی سـنووری عێراقـی لە برادۆسـت چـوونەتە لای پەکەکە بـۆ هەمـاهەنگیکردن و وەسـتانی شـەڕ، لەوکـاتەدا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆردوومـانی کـردوون و بەهـۆیەوە کوژراو و بریندار کەوتووەتەوە.

کۆبـوونەوەکە لە کوێسـتانی بێرمـێ دینـداران بـووە لە سـنووری شـارۆچکەی سـیدەکانی قەزای سـۆران. بەڕێـوەبەری نـاحیەی سیدەکانیش دەڵێت "دوو فەرمانـدەی پاسەوانی سنوور کوژراون".

ئیحسـان چەلەبـی، بەڕێـوەبەری نـاحیەی سـیدەکان بە تـۆڕی میـدیایی ڕووداوی ڕاگەیانـد، کـاژێر ٣:٤٥ی ئێـوارەی سێشـەممە، چەنـد فڕۆکەیەکـی بێفـڕۆکەوان لە نـاوچەی برادۆسـت، ئۆتـۆمبێلێکی پاسـەوانی سـنووری عێراقیـان کـردووەتە ئامـانج و بەهـۆیەوە چەنـد پاسـەوانێکی سـنوور کـوژراون کە عەمیـدێک و عەقیـدێکی کوردیـان تێـدایە، عەقیدەکە ناوی زوبێر عالی برادۆستی-یە.

ئیحسان چەلەبی گوتیشی "بەهۆی سووڕانەوەی بەردەوامی فڕۆکە تورکییەکان تاوەکو ئێستا نەتوانراوە تەرمی کوژراوەکان بهێنرێتەوە".

دەستەی راگەیاندنی ئەمنیی عێراق رایگەیاندووە، لە ناوچەی سیدەکان فڕۆکەی تورکی هێرشیان کردووەتە سەریان و ئامر لیوای دووی پاسەوانیی سنوور - ناوچەی یەک، ئامر فەوجی سێ لە لیوای دوو و شۆفێرەکەیان کوژراون. بڕیارە ئەو دەستەیە زانیاریی زیاتر لەبارەی رووداوەکە بڵاوبکاتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی بەختیار قادر، پەیامنێری رووداو، هەشت کەس لە بەرپرسانی عێراقی و پەکەکە بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون.

پەیامنێری رووداو ئاماژەی بەوەش کرد، سێشەممە ١١ی ئاب، بەرپرسانی عێراق لە قەزای چۆمان و شارۆچکەی برادۆست ویستوویانە بارەگای نوێ لەنزیک سنوورەکان بکەنەوە.

بەهۆی پێشڕەویی هێزەکانی پاسەوانیی سنووری عێراق - IBP، شەوی رابردوو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە تەقەیان لەو هێزە کردووە. بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکانیش دەڵێت "لە شەڕەکەدا شوانێک بریندار بووە".

عەمید روکن حەماد دزەیی، فەرماندەی فەرماندەیی پاسەوانی سنوور بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "شەوی رابردوو چەند چەکدارێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە لە سەنگەرەکانی پاسەوانی سنوور لە سنووری ناحیەی سیدەکان نزیکبووبوونەوە و بەو هۆیەوە دەنگەدەنگێک لەنێوان هەردوولادا دروستبوو و دواتریش هەندێک تەقە کرا، بەڵام زیانی گیانی نەبوو".

هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە دوای رووداوەکە هێزێکی زۆری پاسەوانی سنوور رەوانەی ناوچەکە کراوە، بەڵام فەرماندەی پاسەوانی سنوور ئەو زانیارییەی رەتکردەوە.

## سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق سەرکۆنەی هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر سیدەکان دەکات

سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق راگەیێندراوێکی لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەت هێرشی تورکیا بۆ سیدەکان بڵاوکردەوەو سەرکۆنەی دەکات.

راگەیێندراوەکە بەناوی گوتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بڵاوکراوەتەوەو تێیداهاتووە "پێشێلکارییە بەردەوامە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەنێو خاکی عێراق پێشێلکردنێکی ترسناکی سەروەریی خاکی عێراقە و سەرکۆنەی دەکەین". داواش لە تورکیا دەکات بەزوویی هەموو جووڵە سەربازییەکانی رابگرێت.

لە راگەیێندراوەکەدا گوتەبێژەکەی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق داوا لە تورکیا دەکات لەسەر بنەما نێودەوڵەتییەکان وەکو دراوسێی باش مامەڵە بکات و بە لێکتێگەیشتن کێشەکانی سنووری نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بکرێن.

❊❊❊❊

## فەرەنسا بۆردوومانەکەی تورکیا بۆ سەر سیدەکان شەرمەزار دەکات

٢٠٢٠/٠٨/١٣

لە راگەیەندراوێکدا، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو بوردوومانەی تورکیا، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەند کەسێک لە پاسەوانانی سنووری عێراق لە پارێزگای هەولێر، شەرمەزار دەکات و "بە پێشهاتێکی مەترسیداری" وەسفکرد.

فەرەنسا یەکەم وڵاتی رۆژئاوایی گەورەیە کە بەراشکاوی هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی سیدەکان لەهەولێر مەحکوم دەکات.

رۆژی ١١ ی ئاب فڕۆکەجەنگیەکانی تورکیا لەناوچەی سیدەکان بۆردومانی هێزێکی پاسەوانی سنوریان کردو دوو ئەفسەری پلە باڵایان بە پلەی عەمید و عەقید و چەند سەربازێک گیانیان لەدەستدا.

ئەم هێرشە بۆتە مایەی پێشاندانی هەڵوێستێکی توند لەلایەن عێراقەوەو لەدەزگا باڵاکانی وڵاتەوە چەندان هەڵوێستی توند نیشان درا.

❋❋❋❋

فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا برادۆست بۆردومان دەکەن

فــڕۆکە جەنگییەکــانی تورکیــا لەنــاو خــاکی هەرێمــی کوردستانەوە تۆپبارانی سنووری برادۆست دەکەن. بەپێی زانیارییەکــانی "ســپی"، لە ســنوری دەڤەری برادۆســتی پارێزگــای هەولێــر، فــڕۆکە جەنگیەکــانی دەوڵەتــی تورکیــا بۆردوومــانی نــاوچەی گەورە زیــن دەکەن لە ســنووری برادۆست.

زیــانە گیــانی و مادیەکــانی هاوڵاتیــان نەزانــراوە، بەوهۆیەشــەوە تــرس و دڵەڕاوکــێ لای هاوڵاتییــان و گوندنشینانی دەڤەرەکە دروستبوو.

٢٠٢٠/٩/٤

****

## سوپای تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە چەند گوندێکی برادۆست تۆپباران دەکات

٢٠٢٠-٧-٩

تۆپخانەکانی سوپای تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە دەڤەری برادۆست تۆپباران دەکەن.پێنج شەممە، هێزەکانی سوپای تورکیا کە لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا جێگیرکراون، گوندەکانی سیران و گەروی کەوەرتێ و گەرووی ڕۆبێ و ڕواڵ و گەلی ڕەشیان تۆپباران کرد.

لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردووەوە سوپای تورکیا هێرشی ئاسمانی و زەمینی لە ژێر ناوی چنگ - پڵنگ بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە

❊❊❊❊

## سوپای تورکیا ١٩ کیلۆمەتر هاتووەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە

نیسان ٦, ٢٠١٨

بەڕێوەبەری ناحییەی سیدەکان لەسنوری برادۆست ئاشکرایدەکات بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیاوە دوو هاولاتی بریندابوون و سوپای تورکیاش چەند کیلۆمەترێک هاتووەتە خاکی هەرێمەوە.

ئیحسان چەلەبی لەلیدوانێکیدا بۆ میدیاکان رایگەیاند: بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیاوە دوو هاولاتی بریندابوون کە یەکێکیان کچێکی ١٢ساڵ بووە و ئەوی دیکەشیان پیاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵ بووە کە برینەکانیان سوکە، هەروەک زیاتر لە ١٠٠ خێزان ئاوارەی ناوچە ئارامەکان بوون و هەندێکیان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان .

ڕاشیگەیاند،سوپای تورکیا ١٩ کیلۆمەتر هاتووەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوەو پێشڕەوی کردووە. بەڕێوەبەری ناحییەی سیدەکان ئاشکراشیکرد، سوپای تورکیا سێ بارەگای سەرەکی و ١٢ بۆ ١٤ بارەگای بچوکی لەنێو خاکی هەرێم دروستکردووە.

سەبارەت بە دروستبوونی شەڕ لەنێوان سوپای تورکیا و پەکەکە، ئیحسان چەلەبی گوتی، لەنێوان ئەو دوو لایەنە شەڕ روویداوە لەنزیک ناوچەی (چیا دێلە) بەڵام زیانەکان دیارنین و شوێنی شەڕەکەش لە شوێنی نیشتەجێبوونی هاولاتیانی گوندەکانی سنوری ئێمەوە دوورە.

/http://www.hivaykurd.com

****

**ڕاگەیانـــدراوێك لە لێــژنەی پەیوەنـــدییەكانی دەرەوەو ڕەوەنـدی كوردسـتانی سـەبارەت بە هێرشـەكانی توركیـا بـۆ سەر خاكی هەرێمی كوردستان.**

مخـــابن، مـــاوەیەكە هـەرێمـــی كوردســـتان كەوتـــۆتە بەر شاڵاوی هێرش و تۆپ بارانی توركیاو ئێران.

لێژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوەو ڕەوەندی كوردستانی بە توونـــدی ئیـــدانەی ئەو پەلامـــارانەی وڵاتـــانی دراوســـێ دەكـــات، بەتـــایبەتی هێرشـــی ئەو دووایەی توركیـــا، كە بەداخەوە بەهۆی ئەو هێرشەوە بۆ سـەر بنگەو بارەگاكانی پ.ك.ك چەندین هاوڵاتی بێی تاوان شەهیدو برینداربوون.

ئەو هێرشـــــانە وێـــــڕای ئەوەی قوربـــــانی مرۆیـــــی لێدەكەوێتەوەو، و زیـانی ماددی لە هاوڵاتیانی ئێمە دەدات، هاوكـــات بە پێـــی یاســـاو رێكەوتنـــامە نێودەوڵەتییەكـــان پێشـێلیەكی ڕوونە بـۆ پرەنسـیپی سـەروەری و بەزانـدنی خاك.

ناكرێـت هاوڵاتیانمـان ببـنە قوربـانی ململانێـی نێـوان وڵاتـانی نـاوچەكە و هێـزە كوردییەكـان؛ بەڵكو دەبێت هەمو لایەك ڕێز لە خاك و هاوڵاتی هەرێمی كوردستان بگرن، كە سەربەستانە و بێی ترس بتوانن لە سەر موڵكوماڵی خۆیان كارو كەسابەت و باغداری خۆیان بكەن.

لێرەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەس و کاری شەهیدان دەکەین و، هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندااران دەخوازین، و داواش لە حکومەتی تورکیا و ئێران دەکەین هەر چی زووە ئەو هێرشانە ڕابگرن، و ڕێز لە خاکی هەرێمی کوردستان بگرن.

لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەو ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان.

٢٠ی ٦ی ٢٠٢٠

❊❊❊❊

## دوو هلیکۆپتەری جەنگی سوپای تورکیا سنووری برادۆست بۆردومان دەکەن

دوو هلیکۆپتەری جەنگی سوپای تورکیا لەسنووری برادۆست بۆردمانی گەروا زرازاو گوندی سیران و گەلی ڕەش و کەویت دەکەن لەسنووری برادۆست، بەهۆی بۆردمانی تورکیا ئاگر لە دارستان و ژینگەی برادۆست بەربووە

٢٠٢٠/٨/٢٦

****

## پەرلەمانی عێراق: تورکیا سەروەری عێراق پێشێل دەکات

August 12-2020

دوای هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی تورکیا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی پاسەوانانی سنووری عێراق لە ناوچەی برادۆست، حەسەن کەعبی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەم هێرشەی بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق ناساند و گوتی، ئەم هێرشە زیانێکی تەواو بەپەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا دەگەیەنێت.

حەسەن کەعبی بە توندی ئەم هێرشەی ئیدانە کرد و داوای لە حکومەتی عێراق کرد، باڵیۆزی تورکیا بانگهێشت بکات و پەیامێکی توند ئاراستەی تورکیا بکات.

کەعبی ئەوەشی گوت کە دووبارەبوونەوەی ئەم هێرشانە، پێشێلکردنێکی ئاشکرای هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشە.

٢٠٢٠/٨/١١ فڕۆکەکانی تورکیا هێزەکانی پاسەوانی سنووری سەر بە حکومەتی عێراقیان لە دەڤەری برادۆست بۆردومان کرد، بەوهۆیەوە چەند فەرماندە و سەرباز شەهید و بریندار بوون.

دوای رووداوەکە و وەک کاردانەوەیەک، وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەردانی وەزیری بەرگری تورکیای بۆ بەغدا هەڵوەشاندەوە کە بڕیاربوو رۆژی پێنجشەمەی ٢٠٢٠/٨/١٣ ئەنجامبدرێت.

****

**رێکەوتی ٣ ی ٧ ی ٢٠٢٠، سوپای تورکیا هێزی زیاتری هێنایە ناو سنوری هەرێمی کوردستانەوە.**

ماڵپەڕی رۆژنیوز بڵاویکردووەتەوە، هەینی سوپای تورکیا هێزێکی زۆری بۆ گوندەکانی خەلیفان و گورە و شێربێگە لە سنوری ناوچەی برادۆست هێناوە.

www.prsmedia.net/

****

## بـاڵیۆزی تورکیـا بـۆ عێـراق: لە هێرشـەکانمان بەردەوام دەبین

ڕووداو - هەولێر١٦-٠٦-٢٠٢٠

تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی بۆسەر پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، باڵیۆزی تورکیای لە وڵاتەکەی بانگهێشتکرد و سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کرد. باڵیۆزی تورکیاش دەڵێت، لە هێرشەکانیان بەردەوام دەبن.

فاتیح یەڵدز، باڵیۆزی تورکیا لە عێراق ڕایگەیاند، لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراقەوە بانگهێشتکراوە لەبارەی ئۆپەراسیۆنی "چڕنووکی هەڵۆ"، ئەویش جەختی لەوە کردووەتەوە کە "بەردەوام دەبن لە شەڕی دژی پەکەکە".

لە ڕاگەیێندراوی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی بانگهێشتکردنی باڵیۆزی تورکیا هاتووە، بریکاری وەزیری دەرەوە، عەبدولکەریم هاشم نارەزایی عێراقی گەیاندووەتە باڵیۆزی تورکیا لەبارەی بەزاندنی سنووری ئاسمانیی عێراق و سەروەریی خاکی عێراق.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی باڵیۆزی تورکیاوە داوا لەو وڵاتە دەکات ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ سەر خاکی

عێراق بووەستێنن. هاوکات ئامادەیی عێراقی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بۆ پاراستنی سنوورەکان.

هاوکات داوایان لە فاتیح یەڵدز کردووە کە ئەو پەیامە بگەیێنێت بە دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئەوەی ئەو هێرشانە دووبارە نەبنەوە لە داهاتوودا.

لە توویتێکدا، فاتیح یەڵدز نووسیویەتی، بانگهێشتەکە، هاوشێوەی بانگهێشتەکانی دیکە، "بۆنەیەکی نوێ بوو بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە بەردەوام دەبین لە شەڕی دژی پەکەکە لە هەر شوێنێک بن، هەتاوەکو ئەوکاتەی عێراق هەنگاو بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی پەکەکە لە وڵاتەکە دەنێت".

تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی بۆسەر پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بە بەشداریی فڕۆکە ئێف ١٦ـەکانی دەستپێکرد و ناوچەکانی شنگال، قەرچووخ، قەندیل، زاپ، ئاڤاشین، باسیان و خواکورکیان لە باشووری کوردستان بۆردوومانکرد.

***

## ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تورکیا لە برادۆست تەقێنرایەوە و ١٠ سەرباز سزادران

ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان ٢٠٢٠/٨/٢١

ئۆتـــۆمبێلێکی ســـەربازی ســـوپای تـــورک لە دەڤەری برادۆست تەقێنرایەوە و بەهۆیەوە ١٠ سەرباز کوژران.

، لە ئەنجـــامی تەقانـــدنەوەی ئۆتـــۆمبێلێکی ســـەربازی ســـوپای تورکیـــا لە گەرووی دایـــلا لە دەڤەری برادۆســـت زیـــاتر لە ١٠ ســـەربازی ســـوپای تورکیـــا کـــوژراون، ســـێ هەلیکۆپتەریش سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی تەرمەکانن.

هەر بەپێی زانیاریەکـان، ئۆتـۆمبێلە سـەربازیەکە لەلایەن گەریلاکـانی پەکەکەوە تەقێنـراوەتەوە. سـوپای تورکیـا لە گونـدی شـاپانی سنوری برادۆسـت تەقەی هەڕەمەکییـان لە خەڵکـــی نـــاوچەکە کـــردووە و بەهـــۆیەوە هـــاوڵاتیەک برینـــداربووە و نێـــردراوە بـــۆ نەخۆشـــخانەکانی قەزای مێرگەسۆر.

❊❊❊❊

## براد‌ۆســـت؛ ســـوپای تورکیـــا لە بەرزایـــیەکەوە تەقە لە سنوری گوندەکان دەکات

٢٠٢٠. ٦.١٨

nasnews.com/ ناس کورد- ئاکۆ حەمەد رابی

پاشـــنیوەڕۆی (پێنجشـــەممە، ١٨ی حـــوەزیرانی ٢٠٢٠) ســـەربازانی ســـوپای تورکیـــا لە بەرزایـــیەکەوە بە چەکـــی دۆشکاو بەشێوەی هەڕەمەکی تەقەیان لە ژمارەیەک گوندی سنوری برادۆست کرد، شایەتحاڵێکیش دەڵێت "بەو هۆیەوە ئاگر کەوتۆتەوە".

وڵات برادۆســتی شــایەتحاڵ و نیشــتەجێی نــاوچەکە بە ناس کوردی ڕاگەیاند " لەنزیک کاتژمێر ٢:٠٠ پاش نیوەڕۆ ســـەربازانی ســـوپای تورکیـــا لە بەرزاییەکـــانی چیادێـــل کە کردویەتیـــانە شـــوێنی بـــنکە و بارەگـــا ســـەربازیەکانیان، بەشـــێوەی هەڕەمەکـــی تەقەیـــان لە ســـنوری ســـێ گونـــدی ناوچەی برادۆست کرد".

ئاماژەی بەوەشدا کە " تەقەکردنەکە زیـاتر لە چـارەکێکی خایاند و بەو هۆیەوەش ئاگر لە پوش و پاوانی گوندنشینان کەوتـۆتەوە". ئەو شـایەتحاڵە باسـی لەوەشـکرد کە تورکیـا تەقەکەی لە ســـــنوری هەریەک لە گونـــــدەکانی لێلکـــــان، ناومێرگان و کونڵە کردووەو بەو هۆیەوەش دانیشتوانەکەی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون.

هاوکات جەلال عوزێر، موختاری گوندی خەلیفان لە ناوچەی سنوری برادۆستی ناحیەی سیدەکانی قەزای سۆران بۆ ناس کورد وتی "دۆخی ناوچەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو نائارامی زیاتر هەنگاو دەنێت". جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە " گوندنشینان و دانیشتوانی ناوچە سنوری و کوێستانیەکان بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە ژیانیان ئەستەم و ناخۆش بووە".

***

**ڕێبوار بابکەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە پەیجی خۆی بەمەجۆرە دەنوسێ:**

دوای ڕاسپاردنمان لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەر سێ لیژنە (لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ناوخۆ پێشمەرگە) کۆبوونەوەی هاوبەشی خۆمان کرد لە بارەی پرسی " لەشکرکێشی تورکیاو تۆپبارانی ئێران " بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان. بڕیارماندا، سێ لیژنەی لاوەکی پێک بینن بۆ سەردانی ناوچە زیان پێکەوتووەکان لە هەرسێ پارێزگاکان (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) تا بتوانین لە نێزیکەوە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل ئامادەکەین کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

١. ســـەردانیکردنی شـــوێنە زیـــان لێکەوتووەکـــان و، دووانــدنی ئەو خەڵــکەی کە زەرەر مەنــدبووە، هەوڵبــدرێت قەرەبوو بکرێنەوە.

٢. وەرگرتنی داتاو زانیاری وورد لەسەر قوربانیانی ئەو پەلامارانە.

٣. دەستنیشانکردنی هۆکارەکان.

٤. لێکۆلینەوە کردن لەسەر لێکەوتەکانی.

٥. خستنە ڕووی ڕاسپاردە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو پرســە، کە پرسـێکی سیادیی و یاسـاییە بە پێی یاسـای نێودەوڵەتی گشتی، هەرسێ دەوڵەت (عێراق، تورکیا، ئێران) لێی بەرپرسن.

پێشـــتریش وەک لێـــژنەی پەیوەنـــدییەکانی دەرەوە، بە بەیــان نــامەیەک ئیــدانەی ئەو پەلامــارانەی هەردوو وڵاتــی تورکیـاو ئێـران - مـان کـرد، لە هەمـان کاتـدا داوای دەسـت بەجێـی ڕاگرتنـی ئەو هێرشـانەمان کـرد، داواش مـان کـرد پ.ک.ک ڕەچـــاوی تایبەتمەنـــدی سیاســـی و دیپلۆماســـی دەسـتووری حکـومەتی هەرێـم بکـات، چیتـر بیـانوو نەدات بەدەستی تورکیا.

وەک ســەرۆکی لێـژنەی ســنووری پارێزگــای هەولێـر لەگەڵ پێــنج ئەنــدامی بەڕێــز لە فراکســیۆنەکانی (پــارتی، یەکێتـی، گـۆڕان، نەوەی نـوێ) بـۆ ســەردانیکردنی هەرسـێ

ناوچەی زیان لێکەوتوو (حاجی ئۆمەران، سیدەکان، مێرگەسۆر) دەستنیشانکراین.

***

## فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەچڕی دەڤەری برادۆستیان بۆردوومان کرد

K24 – سۆران، تەیفور محەممەد |

دوای یەک مانگ لە ئارامی، جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی چڕی دەڤەری برادۆستیان کرد، شوێنی بۆردوومانەکەش نزیک جووتیار و ئاژەڵدارانی چەند گوندێکە.

ئیحسان چەلەبی، بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکان بە کوردستان٢٤ی ڕاگەیاند "کاتژمێر ١٠:٣٦ خولەکی پێش نیوەڕۆی (پێنجشەممە، ١٥-١٠-٢٠٢٠)، فڕۆکەکانی تورکیا سنووری گوندەکانی سنین و بێرکمیان لە سنووری شارەدێی سیدەکان بۆردوومان کرد".

ئیحسان چەلەبی هەروەها گوتی "هەرچەند بۆردوومانەکە نزیک جووتیار و ئاژەڵدارانی ناوچەکە بووە، خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبووە".

***

## ئێــران دەســـتی کـــردەوە بە تۆپبـــارانکردنی دەڤەری برادۆست

ڕووداو دیجیتاڵ

چوار شـەممە ٩/٩/٢٠٢٠ کـاتژمێر ٠٣:٤٥ـی دواینیـوەڕۆ بۆ جارێکی دیکە سوپای پاسدارانی ئێران دەستیان کردەوە بە تۆپبـارانکردنی بەرزاییەکـانی گونـدی بەربزینـی سـەر بە شارۆچکەی سیدەکان لە دەڤەری برادۆست.

تـۆپە دوور هاوێژەکـانی ئێـران لە نـاوچەی دۆڵمەیـدانی قەزای شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئاراستە دەکرێن و فڕۆکەی چاودێرییش بە نزمی بە بەربزیندا دەسووڕێتەوە.

مـحەمەد مەجیـد، موختـاری گونـدی بەربـزین بە تـۆڕی میـــدیایی ڕووداوی ڕاگەیانـــد، لە کـــاژێر ٠٢:٠٠ی دوای نیوەڕۆوە فڕۆکەیێکـی چـاودێری بە بەردەوامـی بە ئاسـمانی گونـــدی بەربزینـــدا دەســـووڕێتەوە و دواجـــار ســـوپای پاســـدارانی ئێــران لە دۆڵمەیــدانی شــنۆوە دەســتیان بە تۆپبارانکردنی بەرزاییەکانی گوندەکە کردووە.

موختـاری گونـدی بەربـزین ئامـاژەی بەوە دا، تائێســتا تۆپبارانەکە زیانی گیانی و ماڵیی نەبووە، بەڵام لەم وەرزەدا بە دەیان ماڵە جووتیار لە ناوچەکە سەرقاڵی کشتوکاڵکردنن و ترس و دڵە ڕاوکێیان لەنێودا بڵاوبووەتەوە.

تۆپبـــارانەکەی ئێـــران دوای کۆبـــوونەوە هەریەک لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا و حەسـەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێرانە.

تورکیا و ئێران ڕێککەوتوون کە لە ناوچە سنوورییەکان ئۆپەراسـیۆنی هـاوبەش دژی هێزەکـانی پەکەکە و پـژاک بکەن.

لە کۆبـــوونەوەکەی هەردوو ســـەرۆککۆماردا بـــوونی پەکەکە لە نـاوچە سـنوورییەکان تـاوتوێکراوە و بڕیاریـان داوە بە هاوبەشـی ئۆپەراسـیۆنێک لە نـاوچە سـنوورییەکان بۆ بە ئامـانجگرتنی پەکەکە و پژاک و گرووپەکـانی دیـکەی سەر بە پەکەکە  دەست بێبکەن.

❊❊❊

## له برادۆست شەڕ لە نێوان گەریلا و سوپای تورکیا دەستیپێکرد و فڕۆکەش بۆردوومان دەکات

١٦-٩-٢٠٢٠

له سنووری دەڤەری برادۆستی سەر بە پارێزگای هەولێر، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت لە نێوان گەریلاکانی پەکەکە و سەربازانی سوپای تورکیا دەستیپێکردووە و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاش گوندەکانی ئەو سنوورە بۆردوومان دەکەن.

ئاوێنە: بەپێی زانیارییەکان، لە سنووری دەڤەری برادۆست شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت لەنێوان سەربازانی سوپای تورکیا و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕوویدا .

لەگەڵ دەستپێکردنی ڕووبەڕووبوونەوەکەش، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندی کونڵە و ناومێرگان و گەلی ڕەشیان لە سنووری برادۆست بۆردوومان کرد و بەو هۆیەشەوە ئاگر لە دارستانی ناوچەکە کەوتووەتەوە.

❊❊❊

## ئێران تۆپبارانی سنوری سیدەکان دەکات

سـەرچاوەیەک لە سـنوری سـیدەکان بەئـێن ئـار تـی راگەیاند، تۆپخانەکانی ئێران تۆپبارانی گوندەکانی بەربزین و بەربشـین و بـن پەرێـز لە سـنوری نـاحیەی سـیدەکان دەکات.

سـەرچاوەیەک لە سـنوری سـیدەکان بەئـێن ئـارتی راگەیانـد، " پێنجشـەممە، ٢٩ ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢٠، تۆپخانەکـانی ئیـران تۆپبـارانی گونـدەکانی بەربـزین و بەربشین و بن پەرێز لە سنوری ناحیەی سیدەکانی سەر بەقەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر دەکات".

ئەو سـەرچاوەیە ئەوەشـی خسـتەڕوو، بەو هۆیەشـەوە زیـانە گیـانی و ماددییەکـان نەزانـراون.ئەوەش دوایـی ئەوەدێت، وڵاتی ئێران و تورکیا بە بیانوی بونی گەریلاکانی پەکەکە و پژاک بۆردومان و تۆپبارانی سنورەکانی هەرێمی کوردسـتان دەکەن و ئەوەش وایکـردووە بەشـێک لە هاوڵاتیان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژین.

***

## له سـیدەکان دوو پێشـمەرگە لە ئەنجـامی بۆردومـانی فڕۆکەکانی تورکیا برینداربوون

فڕۆکەکـانی تورکیـا بۆردومـانی نـاوچەی سـیدەکانیان کردو ئۆتۆمبیلێکی هاوڵاتیانیان کردە ئامانج و دوو هـاوڵاتی بریندار بوون.

ئەو فڕۆکـانەی تورکیـا کە زانیـارییە سـەرەتاییەکانی ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن کە لە ڕێگـای کۆپتەرەوەبێـت لەنـاوچەی سـنینی سـیدەکان ئۆتـۆمبیلێکی هاوڵاتیانیـان کردۆتە ئامانج و دوو هاوڵاتی بریندرابوون.

ئۆتـۆمبیلەکە لە جـۆری پیکـاپ بـووە و دوو سەرنشـینی تێدا بـووە کە هەردووکیـان پێشـمەرگە بـوونە و بـۆ کـاری ئاژەڵداری چوونەتە کوێستانەکانی سیدەکان کە لە ئەنجامی بۆردومانەکەدا بە سەختی بریندار بوونە.

٢٠٢١/٣/١٩

***

## براد‌ۆســت.. مێردمنــداڵێك بە تەقەی هێزەکــانی تورکیــا بریندار بوو

"زەمەن" ٢٠٢٠/٠٢/٢٦

بەهـۆی تەقەی هێزەکـانی تورکیـا لە سـنوری برادۆسـت مێردمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵان بریندار بوو.

کــاتژمێر ٢ی دوای نیــوەڕۆ لەچیــای کتکــین لەنزیــک گوونـدی دایـلا لەدەڤەری برادۆسـت شـەڕ لەنێـوان سـوپای تورکیاو گەریلاکانی پەکەکە ڕوویدا، بەهـۆی شەڕەکەشـەوە مێردمنداڵێک بەناوی شێروان سالّح لەنـاو مـاڵەکەی خۆیدا گوللە دۆشکەیەک بەر قاچی دەکەوێت و بریندار دەبێت.

هاشم ئیبراهیم خـاڵی مێرد منداڵەکە بە دیجیتـاڵ میدیای "زەمەن"ی ڕاگەیانـد، ڕۆژانە ئەو گونـدانە لە لایەن سـوپای تورکیــاوە بۆردومـــان و تۆپبـــاران دەکـــرێن و بەردەوام ژیانیان لە مەترسیدایە.

مـاوەی ٤ ڕۆژ سـوپای تورکیـا بە بەردەوامـی لەڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و تۆپخانەکانیەوە بۆردومـان و گوندەکانی دەڤەری برادۆســتی کـرد، بەمەش تــرس و دڵەڕاوکێیەکــی زۆری لای خەڵک دروست کردو تـاکو ئێسـتا زیـاتر لە ١١٥ گوونــدی ئەو دەڤەرە چــۆڵکراون و نــزیکەی ١٠ گوونــدی تریش بەرەو چۆڵ بوون دەچن.

***

بەبڵاوکـــــــردنەوەی ئەم هەواڵانەی ســــــەرەوە، ئەم ڕاستیانەمان بۆ ڕۆشنتر دەبێتەوە، کە جەنگ و بۆردومان و لەشکرکێشـــی هەمیشـــە ئەگەرێکـــی کـــراوەیەو دەڤەری برادۆست لەبەردەم مەترسی سوپای تورکیاو ئێران دایە. ئەمەش نابێـــت تەنهـــا لە کـــۆکردنەوەی زانیـــاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بوەستێ، دەبێت پلانێکی باش دابنرێت تاوەکو ئەم ناوچەیە نەبێتە سوتماکی جەنگ و بەردەوامی وێرانکاری.

**سەرچاوەکان:**

١-کتێبی: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٧٥-١٩٧٨) ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، لاپەڕی ١٣٧،١٣٨،١٣٩،١٤٠،١٤١

٢-سایتی هاوڵاتی، بابەتی: برادۆست؛ لەبەردەم ئاگری تورکیادا.

٣-پەیجی مێژووی عەشیرەتی برادۆست.

٤- بۆ گرنگە برادۆست بناسین و بزانین چۆن کراوەتە دیاری بۆ تورکیا؟ anfsorani.com

٥- پەرلەمان: بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکەوە زیاتر لە ٥٠٠ گوندی هەرێمی کوردستان چۆڵکراون..ئەحمەد تەڵعەت..رووداو دیجیتاڵ.

٦- ماڵپەڕی (www.peyserpress.com پەیسەر پریس) راپۆرتی: سوپای تورکیا هیلالێکی تورکی لەهەرێمی کوردستان دروستدەکات.

# پاشکۆی وێنەکان





facebook

**Davari Bradost**

٦ د ·

هاوڵاتیەکی گوندی خەلیفان ی سەر بەناحیەی سیدەکان دەڤەری برادۆست وێنەی ئەم شتەی ناردووە وەدەشلێت:" ئەمانە گەر دەست لێ بدەیی دەتەقن؛

دەلێت لەلاین کۆپتەرانی جەنگی تورکیا فرێ دراون ئەوانیش بونە مەترسی لەسەر هاولاتیانی ناوچەکە بەتایبەت خەلکی گوندی خەلیفان .

2020/4/2




HİDROMEK






20MMHEI-T
M56 A3


Salar Mala Qadr Brad...
١٤ س
سووپای تورکیا
چیای دێل-برادۆست
13-7-2020












تورکیا بۆ دەرەوە
داگیرکاری تورکیا
الله اكبر
تزف قيادة قوات حرس الحدود
شهدائها الابطال المنتسبين
قيادة حرس حدود
المنطقة الاولى
اللواء الثاني
الفوج الثالث
لە بەرێز سەرۆک وەزیرانی عیراق
زووترین کات سیخورەکە ئاشکرا
و رادەست بە گەلی کورد بکری


HYUNDAI










شاخی سەرزێلۆک
چیای لێلکان
قوپی خەلیفان
کەروی بەنێ
چیادێل
مێشمە
چیای کەتین
سەری رەزەدێم
کەروی کێلێ
خەلیفان
لێلکان
شێزکان
دێل
دابلا
مێشمێ
خوعار
هەبات
بەرمیزە








PEYSER
هاوڵاتیانی 20 گوندی سیدەکان لە ترس و دڵەراوکێیەکی زۆردا دەژین





پۆلێک لە پیاوانی قەبیلەی رەوەندۆک برادۆست
لەخزمەتی حاجی محمد شیخ رشید لۆلانی



تورکیا لە 2017 و بەهاری 2018 لە برادۆست
و خواکورك چەندین شوێنی ستراتیژی گرتووە


قلعـــة
دم دم







سوپاسی زۆرم بۆ ئەم بەڕێزانە کە ئەگەر زانیاری و هاوکاری ئەوان نەبوایە، ئەم کتێبەم ئاسان نەدەهاتە دەست:

سیروان سابیر برادۆستی، راستیەکەی کاک سیروان سابیر زۆر کۆمەکی کردم، سوپاس بۆ دڵسۆزی و رێکوپێکی ئەم کوڕە برادۆستیە..

سالار مەلا قادر برادۆستی

مەدیحە برادۆستی

هەژار ابراهیم

کەریم بەحری برادۆستی

لوقمان برادۆستی

لەو رۆژەوەی ناوچەی برادۆست،دەستی دۆستداری هەڵبڕی
دەستی داگیرکەر و زۆردار، دەستی خاک و ئاویان بڕی
باڵای دارمازی و بەڕوویان کردە دارەمەیتی کوشتن
قاسپەی کەو و هاژەی چەمیان کردە ئاوازی خوێن ڕشتن
خاکمان دەخۆن خوێنمان دەخۆن، قڕکردنە، مەرگە،کۆستە
کوێستان و باغی بێ دۆستە، کەچی ئەو هەر برادۆستە
ویژدان گوێچکەی داخستوە، ناڵەو سووتانی نابیسترێ
چاوی هەست و دڵ کوێر بوە، وڵاتی سوتماک نادیترێ
کە ڕق و بۆمبا دەبارێ، بەسەر کانی وشاخ و دۆڵی
من هەر لێرەوە دەسوتێم بۆ ڕووبارو مشتێ خۆڵی

" مدیحە "

## برادۆست

مێژووی کوردە پێمان دەڵێ، چ واتایە برادۆست
هەر خێڵ نییە، دیرۆکێکی پڕ بەهایە برادۆست
لە ئاشتیدا کۆتری سپی و شنەی بایە برادۆست
لەشەڕیشدا پڵنگ ئاسا و رەشەبایە برادۆست
سەراپا دەشت و کوێستانی هەوارو بێرە برادۆست
جەناتی عەدنە سروشتی خاکەکەی زێرە برادۆست
گەلی و دۆڵ و چیاکانی زەوی پڕ خێرە برادۆست
بۆ مەیدانی جەنگ و داواش لاینەی پڕ شێرە برادۆست
خاوەنی کۆچک و دیوان و خانەقا و پۆستە برادۆست
لەگەڵ باشان هەم برایە و هەمیش دۆستە برادۆست
خواکورک و دالان پەڕە حەسارۆستە برادۆست
شەکیو، سیاکۆ، بەربزین، برادۆستە برادۆست
بێنارو سۆما و (سێ گەوەر) بەراندێزن برادۆست
لۆلان و هێرتێ و بەرازگر، خاوەن هێزن برادۆست
سۆفی و دەروێش و دێوانە، تەواو یەکڕێزن برادۆست
مەساسیر پایتەختە جێگەی رێزن برادۆست
نەیاران و داگیرکەران بەناوت پەستن برادۆست
دمدم و خان سومبولی تۆن، تێکڕا هەستن برادۆست
رۆڵەکانت ئامادەنە، هەموو یەک دەستن برادۆست
هەر کە میر فەرمانیدا، گیان لەسەر دەستن برادۆست

"کەریم بەحری برادۆستی"